# مانگرتنەکانی ساڵی ١٩٩١ وەك یەکەم شێوە خەباتی مەدەنیی دەرەنجامی راپەڕین

پ.ی.د.سەروەر عبدالرحمن عمر

## پێشەکی

دوای راپەڕینی ئازاری ١٩٩١ ی باشوری کوردستان و رزگارکردنی شارەکان و دوورخستنەوەی دامودەزگە سەرکوتکەرەکانی رژێمی بەعس، دەوڵەتی عیراق دامودەزگە کارگێڕییەکانی خۆی لە هەر سێ پارێزگەی هەولێر و دهۆك و سلێمانی کێشایەوە، بۆشاییەکی کارگێڕی لە هەرێمدا دروستبوو، و ئابلۆقەی ئابووریشی خستە سەر هەرێم، جاربەجار لەناوچەکانی تەماسدا هێرش و پێکدادان لەنێوان هێزی پێشمەرگەو هێزەکانی عیراقدا دروست دەبوو و مەترسیی دووبارە پەلاماردانەوەی کوردستان لەلایەن رژێمی بەعسەوە هەبوو. جگە لەمە دەرەنجامی سیاسەتی سەرکوتکەرانەی (٢٣)ساڵی پێشتری دەسەڵاتی رژێمی بەعس لە کوردستاندا، ژمارەیەکی زۆر هاوڵاتیی کورد لەئەنجامی شاڵاوەکانی ئەنفالدا بێسەرو شوێن کرابوون‌و چارەنوسیان دیار نەبوو، ئەمانەش هەمووی پێویستیان بەوەبوو هێزە سیاسیەکان بەتایبەتی و جەماوەری کوردستان بەگشتی ئامادەی رووبەڕوو بوونەوەو بەدواداچوون بن و خۆیان بۆ بەڕێوەبردنی ئەم قۆناغە نوێیە ئامادە بکەن.

ئەوەبوو لەئەنجامدا مانگرتنەکانی کانوونی یەکەمی ١٩٩١ی لێکەوتەوەو سەرەتا لە(١٢/٥) لە شاری سلێمانی و دواتر لە (١٢/٧) لە شارەکانی هەولێر و دهۆك و رانیەو سۆران و کەلار مانگرتن و خۆپیشاندانی بەدوادا هات. کە تیایدا سەدان گەنجی کورد بۆ ماوەی (٨) تا (١٠) رۆژ لەبەردەم بارەگاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان مانیان لە خواردن‌و خواردنەوە گرت و بە یاداشت و بەیاننامەکانیان داواکارییەکانی کوردیان لەم قۆناغەدا خستە روو.

ئەم مانگرتنانە بزوتنەوەیەکی جەماوەریی سەرتاسەری بوون لە هەرێمی کوردستاندا و بەبێ لەبەرچاو گرتنی ئینتیمای حزبی‌و بیروڕای سیاسی، سەرجەم چین و توێژو پێکهاتەکانی کوردستان بەشدارییان تیادا کرد و وەك یەکەم هەنگاوی خەباتی مەدەنی و دیموکراسیانەی دووای راپەڕین لەباشوری کوردستاندا دەرکەوت. هەروەها جۆرێك لە بەرزکردنەوەی ورەی جەماوەر و دەرخستنی یەکڕیزیی کورد و لەو قۆناغە هەستیار و ناسکەدا گەیاندنی دەنگی کوردیش بوو بە جیهانی دەرەوە.

هۆکارەکانی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە مانگرتن و خۆپیشاندانەکانی یەکێك لە رووداوە گرنگەکانی مێژووی کوردە لە باشوری کوردستاندا، بەلام تا ئێستاش هیچ توێژینەوەیەکی زانستی لەسەر نەنوسراوە.

ئامانجمان لەو توێژینەوەیەدا ئەوەیە کە ئەم رووداوە گرنگە وەك خۆی بخەینە پێش چاوی خوێنەران و وەك دەستپێکێکی خەباتی مەدەنی و دیموکراسیانە لە باشوری کوردستاندا زیاتر لێکۆلینەوەی لەسەر بکرێت و تا بۆ قۆناغەکانی تری خەباتی ئەم نەتەوەیە سودی لێ وەربگیرێت.

لەم توێژینەوەیەدا باسمان لە بارودۆخی باشوری کوردستان لەو رۆژگارەداو زەمینەی سەرهەڵدانی مانگرتنەکان‌و هۆکارەکەی و داواکارییەکان و دەرەنجامەکانی کردووە.

بۆ ئەنجامدانی سودمان لەگەڵێ سەرچاوەی جۆراوجۆر وەرگرتووە، هەر لە یاداشت و داواکارییەکانی مانگرتووەکان‌و بەیاننامەی پارتە سیاسیەکانی باشور و بڵاوکراوەکانی تایبەت بە مانگرتن و رۆژنامەکانی ئەو سەردەمەوە تا دەگات بەو کتێب و توێژینەوانەی کە سەربارەت بە مێژووی ئەو سەردەمە نوسراون.

## چەمك و مێژووی مانگرتن

مانگرتن لە خواردن خۆ بواردنێکی دڵخوازانەیە لە خواردنی خۆراك، یان خواردەمەنیە ئاوەکییەکان. بە واتای خۆگرتنەوە لە خواردن و هەندێك جار ئاویش دێت، بە هۆکارێکی ناتوندتیژ بەرامبەر ئەوانی تر و توندوتیژ بەرامبەر بە خود هەژماردەکرێت، بۆ دەربڕینی ناڕەزایی و کاریگەری دانان لەسەر لایەنی پەیوەندیدار تا بە بڕیارو هەڵسوکەت یان بۆچوونەکانیدا بچێتەوە.[1] لایەنگرانی مانگرتن لە خواردن پێیان وایە ئەو کاتەی هیچ دەرەتانێك نیە، مانگرتن لە خواردن وەکوو کەرەستەیەك بۆ بەرەنگار بوونەوەی بێ دادی و نابەرابەری بە کار دێت. کاریگەری و هێزی مانگرتن لە خواردن لە ئامادە بوونی مانگرتووەکەدا بۆ مەرگێکی دڵخوازانە شاردراوەتەوە.

مێژووی سەرهەڵدانی ئەم دیاردەیە بۆ سەدەکانی پێش زایین دەگەڕێتەوە. مێژووی پێش زایینی ئێرلەندیەکان ئاماژە بە مانگرتن دەکەن، کە بەمەبەستی ناڕەزایی دەبڕین لەبەرامبەر هەڵسوکەوتی نەشیاو ئەو کارەیان ئەنجامداوە. لە سەدەکانی نێوەڕاست لە ئێرلەندا وا باو بووە کە خەڵك لە بەردەم ماڵی ئەو کەسەی زوڵمی لێکردوون دادەنیشتن و مانیان لە خواردن دەگرت. ئەگەر مانگرتووەکە بمردایە خوێنەکەی لە ئۆباڵی خاوەن ماڵ دەبوو و لەوانەبوو بنەماڵەی مردووەکە داوای خوێنو تۆڵەسەندنەوەیان بکردایە. جگە لە ئێرلەندیەکان، هیندیەکانیش باس لەو دیاردەیە دەکەن کە مێژووەکەی بۆ ٧٥٠ ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە، لە هێندی کۆنیش دا ناڕازییەکان لە دەرەوەی ماڵی ئەو کەسەی پێیان وابوو کردەیەکی هەڵە یان زوڵمێکیان (زیاتر قەرزدارەکان) بەرامبەر بەوان کردووە دادەنیشتن و مانیان لە خواردن دەگرت. ئەم نەریتە بۆ ٤٠٠ تا ٧٥٠ ساڵ بەر لەدایکبوونی مەسیح دەگەڕێتەوە، تا لە لە ساڵی ١٨٦١ی زایین دا ئەم نەریتە قەدەغە دەکرێت.[2]

(مەهاتما گاندی ) سەرکردەی دیاری هندیەکان بە یەکێ لە ناسراوترین مانگرتووەکانی مێژوو دادەنرێت، لە نامەیەکدا بۆ یەکێك لە لایەنگرەکانی دەنووسێت: "لە هەلومەرجێکی تایبەت دا، خۆ پاراستن لە خواردن چەکێکە خوا بە ئێمەی داوە تا لەو پەڕی بێدەرەتانی دا بە کاریبێنین".[3] مانگرتنەکانی (گاندی) لە ڕۆژگاری ژێر دەسەڵاتی بەریتانیەکاندا لە هندستان یەکێك لە دیارترین کەیسی مانگرتن بووە لە سەدەی ڕابردوودا، بەڵام جگە لەو، کەسانی تریش لە ناو شۆڕشەکەدا بوون کە بۆ مانگرتن خاوەنی تۆماری مێژوویی خۆیان بوون، وەك (جیتەندرا ناس) کە ماوەی ٦٣ ڕۆژ مانی لە خواردن گرت و هەر ئەوەش بووە مایەی ئەوەی لە بەندیخانەیەکی بەریتانیەکاندا گیان لەدەست بدات.[4]

گاندی لە ماوەی ژیانی سیاسیی خۆیدا حەڤدە جار مانی لە خواردن گرتووە. زۆربەی ئەو مانگرتنانە ناڕەزایی دەربڕین بوون دژ بە یاساکانی بەریتانیا، مانگرتنەکەی ساڵی ١٩٤٨ دەربڕینی ناڕەزایی بوو دژ بەو توندوتیژیانەی نێوان هێندۆسی و مسوڵمانەکان و بە مەبەستی کۆتایی پێهێنانیان. ئەو رایگەیاند تا کۆتایی هاتنی ئەم توندوتیژیانە

---

[1] عبد الرحیم العلام: تاریخ الإضراب عن الطعام، ٢٠٢٥٢١/http://www.maghress.com/alittihad

[2] عبدالوهاب الکیالي(الدکتور): موسوعة السیاسیة، الجزء الاول، ط٤، بیروت، ١٩٩٩، ص٢١٠.

[3] گۆڤاری دیموکراسی، گۆڤارێکی سیاسی ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتیە، ژمارە (٣)ی تایبەت بە مانگرتن، کانونی یەکەمی ١٩٩١، ل٣.

[4] هەمان سەرچاوە، ل٤.

هیچ ناخواتو سەرکەوتووش بوو. دواجار ئەو کاتەی مانگرتن لە خواردنەکەی شکاند کە شۆڕشگێڕەکان بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە کێرد و چەقۆکانیان لە بەردەم ئەو دا خستە سەر زەوی. [٥]

بەپێی جاڕنامەی تۆکیۆی کۆمەڵەی تەندروستیی جیهانی، پزیشکەکان مافی ئەوەیان نیە کە بەزۆر خواردن بدەن بەو کەسانەی ماندەگرن، بەڵکو تەنها دەبێت پاشهاتە خراپەکانی مانگرتن بۆ ماوەیەکی زۆر بۆ ئەو کەسانە ڕوون بکەنەوەو هەوڵیان لەگەڵبدەن مانگرتنەکەیان بشکێنن. بەڵام زۆرجار ئەم جاڕنامەیە وەك پرەنسیپ تەماشا دەکرێتو لە بەشێك لە وڵاتانی جیهان بە هۆکاری پاراستنی گیانی ئەو کەسانە لە مردن بەزۆر خۆراکدان بە مانگرتووان پیادە دەکرێت. [٦]

هەروەك باسکرا، مانگرتن لە خواردن، وەکو شێوەیەك لە شێوە جۆراو جۆرەکانی خەبات، شتێکی نوێ نیە، نە لەو جیهانو نە لە عیراقیشدا، مێژووی بەندیخانە سیاسیەکانی عیراق (وەك بەندیخانەی بەغدا و کووت و نوگرەسەلمانو...هتد) دەیەها مانگرتنی شۆڕشگێڕانی بەخۆوە بینیوە، هەندێ جار ئەو مانگرتنانە، بەپشتگیری جەماوەر، سەرکەوتوو بوونو هەندێ جاریش بە پێچەوانەوە، لە ساڵی ١٩٥٢ دا (نەعمان محمد ساڵح) کە بەندکراوێکی سیاسی بوو لە مانگرتنێکی بەندیخانەی بەغدادا گیانی لەدەستدا، بە خۆپیشاندانێکی جەماوەری فراوان تەرمەکەی برا بۆ گۆڕستان. بەڵام لەسەردەمی ڕژێمی بەعسدا ئەم جۆرە مانگرتنە نەبینراوە، چونکە ڕێگە بە هیچ جۆرە خەباتێکی ئاشتیخوازی بەرهەڵستکاری نەدەدرا.

سەبارەت بە خەباتی نەتەوەیی گەلی کورد ئەم مانگرتنە لەخواردن ئەزمونێکی نوێ بوو لەمێژووی خەباتی سی ساڵەی نەتەوەی کورددا، چونکە مانگرتن لە خواردن شێوەیەکی خەباتی ئاشتیخوازانەی جیهانیەو بەتایبەتی ئەگەر لەبەردەم بارەگاکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بێت، ئەوە بە شارستانی ترین جۆری تێکۆشان و لەئاست و پلەیەکی بەرزی مرۆڤایەتی دادەنرێت. جا لەبەر ئەوەی تا ئەو سەردەمە، دەرفەتی لەبار و شیاو بۆ گەلی کورد لەناو وڵاتدا نەڕەخسابوو و پرۆسیسی ئەم جۆرە خەباتە قەدەغەو بەربەست کراو بوو، گەرچی جاروبار لە هەندەران تێکۆشەران و خەمخۆرانی نەتەوەو دۆزی کورد چەند جۆرێك مانگرتن و کاری دیکەیان لەم بارەیەوە کردووە. [٧]

---

[٥] عبد الرحيم العلام: تاريخ الإضراب عن الطعام، http://www.maghress.com/alittihad/٢٠٢٥٢١.

[٦] مانگرتنی بەندکراوە ئێرلەندییەکان لەساڵی ١٩٨١ دا، لەوانەیە دیارترین کەیسی مانگرتنی بەکۆمەڵ بێت. ئەو بەندکراوانە بەشێك بوون لەو شۆڕشگێڕانەی کە بە کۆماریەکان ناسرا بوون کە باوەڕیان وابوو دەبێت ئێرلەندا ببێت بە خاوەنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ و لەکاتی دەستگیرکردنیشیان بە تۆمەتی جۆراوجۆر داوای چەندین چاکسازیان کرد لە ڕەوشی ئەو کەسانەی لە بەندیخانەکاندا بوون. جگەلەوانەی بڕیاریاندا مانگرتنەکانیان بشکێنن ، ١٠ لەو بەندکراوانە بەهۆی کاریگەری مانگرتنەکەوە گیانیان لە دەستدا کە ماوەی مانگرتنی هەندێکیان زیاتر لە ٦٠ ڕۆژ بوو.(عبد الرحيم العلام: تاريخ الإضراب عن الطعام، http://www.maghress.com/alittihad/٢٠٢٥٢١).

[٧] ڕەوف حەسەن: مانگرتنەکەو چەند وانەیەکی جۆراو جۆر، ڕۆژنامەی ئالای ئازادی، ئۆرگانی ناوەندی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان–عیراق، ژمارە (٨)، خولی دووەم، کۆتایی کانونی یەکەمی ١٩٩١.

## باردودۆخی باشوری کوردستان لە ساڵی ١٩٩١ دا

دوای لکاندنی باشوری کوردستان داگیرکردنی دەیان ساڵەی لەلایەن دەوڵەتی عیراقەوەو رووبەڕوو بوونەوەی کورد لە شۆڕشە یەك لەدوای یەکەکانی لە باشوردا، دواتریش سیاسەتی قڕکردن و جینۆسایدی کورد لەسەر دەستی رژێمی بەعس گەیشتە چلەپۆپەو خۆی لە کیمیابارانکردن و ئەنجامدانی پرۆسەی ئەنفالدا بینیەوە. بەڵام ملهوڕی و لەخۆبایی بوونی ئەو رژێمە لەوەی کە خواستی فراوانخوازیی زیاتری هەبوو و خۆی وەك تاکە پێشەنگو فریادڕەسی عەرەب دەهاتە بەر چاو، هەر لەو روانگەیەوە بۆ فراوانکردنی زیاتری قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی، سەدام حوسێن لە ساڵی (١٩٩٠) پەلاماری (کوەیت)ی داو داگیری کرد، ئەم هەنگاوە ملهوڕانەیەی بەعس لە بەرژەوەندیی گەلی کورد شکایەوە، بەرەیەکی هاوپەیمانان لەسەر ئەم کردەیە پێکهات و دژی عیراق وەستانەوە. ئەوەبوو پرۆسەی سەربازی ئەنجامدراو هەڵوەشانەوەی سوپای عیراق و پەکخستنی سەرجەم دامودەزگە سەربازیەکانی بەعسی لێکەوتەوەو لەئەنجامدا راپەڕینی سەرتاسەری خەڵکی عیراق هاتە کایەوە. کەمێك دوای بەرپابوونی راپەڕینی شیعە لە خوارووی عیراق، باشوری کوردستانیش وەك بەشێکی ژێردەستی ئەم رژێمە راپەڕی، بەڵام بەبێ خۆڕێکخستنێکی پێشوەختە، راپەڕینەکە خۆڕسك بوو[٨] و هەرچەندە لەلایەن بەرەی کوردستانیەوە ئامادەکاریەك بۆ بەشداری و سەرپەرشتیکردنی کرابوو، بەڵام رووداوەکان ئەوەندە خێرا بەرێوە دەچوون، ئامادەکارییەکە لەئاست رووداوەکەدا نەبوو، لەماوەی دوو هەفتەدا، لە (٣/٥) لە رانیە دەستی پێکرد و لە (٣/٢١) کەرکوك دووا شوێن بوو ئازادکرا، بەم شێوەیە سەرجەم شارو شارۆچکەکانی باشور ئازادکران و لە دەسەڵاتی رژێم پاك کرانەوە.[٩]

بەڵام ئەو ئازادییە درێژەی نەکێشاو رژێم پاشماوەی سوپا تێکشکاوەکەی کۆکردەوەو پەلاماری کوردستانی دایەوە، بەچاوپۆشیی هاوپەیمانانیش لەو کردە سەربازییە، لە (٣/٣٠) پەلاماری کەرکوکی داو داگیری کرد رۆژی (٣/٣١) بەرەو شارەکانی هەولێر[١٠] و دهۆك و سلێمانی بەرێکەوت و ئەوەبوو توانی دەست بەسەر ناوەندی شارەکاندا بگرێت، بەڵام لەهەردوو شاری هەولێر و سلێمانی، لە (کۆڕێ)[١١] و (ئەزمڕ)[١٢] هێزی پێشمەرگە بەرگریان کرد و بەریان بە پێشڕەوییەکانی سوپای عیراق گرت و تێکیان شکاند و سنورێکیان بۆ بەرەو پێشەوەچوونەکانی دانا.

لەلایەکی ترەوە لەترسی سوپای عیراق و بەکارهێنانی گازی کیمیایی کە کورد ئەزمونێکی تاڵی لەگەڵیدا هەبوو، کۆڕەوێکی نزیکەی دوو ملیۆنیی کوردان بەرەو سنورەکانی ئێران و تورکیاو سوریا دەستی پێکرد.[١٣] برسیەتی و نەهامەتی ژن و منالان، لەبەر لێزمەی باران و سەرماو سۆڵەدا، گواستنەوەی ئەم دیمەنانە لەلایەن میدیا جیهانیەکانەوە، وەك کۆچێکی مێژوویی و کارەساتێکی مرۆیی دەرکەوت و رای گشتیی جیهانیی جولاند و

---

[٨] ئۆفرا بینگیۆ: کوردی عیراق، بنیاتنانی دەوڵەتێك لەناو دەوڵەتدا، وەرگێڕانی سۆران مستەفا کوردی، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠١٣، ل٣٠٧.

[٩] بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت راپەڕینەکان بڕوانە: عەبدولڕەزاق مەرزەنگ: راپەڕین بەهاری ئازادی، سلێمانی، ٢٠٠٤.

[١٠] عەبدوللا عەلیاوەیی(دکتۆر): راپەڕینی هەولێر لە بەهاری ١٩٩١ زایینی وەك خۆی، تۆمارێکی رۆژانەی مێژووییە، هەولێر، ٢٠١٤، ل٨٣-٨٧.

[١١] بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە شەڕی کۆڕێ بڕوانە: رێباز: نرکەی کوردستان، بەرلە راپەڕین، لەگەڵ راپەڕین، دوای راپەڕین، هەولێر، ١٩٩١، ل٨١-٨٣؛ فەرید ئەسەسەرد: ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتمانی کوردستان، چ٢، سلێمانی، ٢٠١٣، ل٦٠٦-٦٠٧.

[١٢] بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە شەڕی ئەزمڕ بڕوانە: فەرید ئەسەسەرد: ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ل٤٦.

[١٣] عەبدولڕەزاق مەرزەنگ: سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٣-١٧٥؛ ئۆفرا بینگیۆ: سەرچاوەی پێشوو، ل٣١٠.

كاریگەرییەكی زۆری هەبوو لە بەجیهانی كردنی پرسی كورددا، بۆیە ئەنجومەنی ئاسایش كەوتە خۆ و بڕیاری ژمارە (٦٨٨)ی لێكەوتەوە، هەرێمی دژە فڕین لە بەشێكی باشوری كوردستان سەپێندراو هێزێكی نێودەولەتی بۆپاراستنی كورد لە دەستدرێژی عیراق پێكهێنراو رەوانەی ناوچەكە كرا. [١٤]

بەم جۆرە گفتوگۆو دانوستاندنی نێوان بەرەی كوردستانی و رژێمی بەعس هاتە كایەوە، بارودۆخەكە تا ئاستێك ئاسایی بۆوەو شەڕ وەستا، یەكەم گەڕی گفتوگۆ بەسەرپەرشتیی (مام جەلال) ئەنجامدرا، بەلام گفتوگۆكان بە بنبەست گەیشتن، دواتر (مەسعود بارزانی) چووە پێشەوەو تا شوباتی ١٩٩٢ بەردەوام بوو، بەلام دیسانەوە هیچی لێ سەوز نەبوو.[١٥] واتە دووای چەند گەڕێكی گفتوگۆ و چەند جارێك چوونی وەفدی بەرەی كوردستانی بۆ بەغدا هیچ ئەنجامێكی نەبوو، چونكە بەعس ئامادە نەبوو وەك نەتەوەیەكی داگیركراو و ماف پێشێلكراو بەدرێژایی مێژوو دان بەمافە رەواكانی كوردا بنێت.

لەلایەكی ترەوە رۆژ بە رۆژ ژیانی خەڵك سەخت و سەخت تر دەبوو، بەرەی كوردستانی لەو ماوەیەدا نەیتوانی وەك پێویست ژیانێكی ئاسودە بۆ خەڵك دابین بكات، بەڵكو ژیانی خەڵك لە سایەی حوكمی بەرەدا دژوار بووبوو: لەشكری بێكار بێكارتر و زۆرتر بوبوون. شمەك گرانتر و كەمتر بۆوە. تالان و تاوان پەرەیان سەندبوو. جوتیاران سەرگەردانو كارخانەكان نەخرابوونەوە كار. ئەمن و ئاسایشی خەڵك وەك پێویست دابین نەكرابوو. [١٦]

---

[١٤] ئۆفرا بینگیۆ: سەرچاوەی پێشوو، ل٣١١؛ رێباز: قەندیل بەغدای هەژاند،بەشی سێیەم، سلێمانی، ٢٠١١، ل٢٢١.

[١٥] عەبدولڕەزاق مەرزەنگ: سەرچاوەی پێشوو ، ل١٧٣-١٧٥؛ ئۆفرا بینگیۆ: سەرچاوەی پێشوو ، ل٣١٠.

[١٦] رۆژنامەی ئالای شۆڕش، ئۆرگانی ئالای شۆڕش، ژمارە (١١-١٢)، كانونی یەكەمی ١٩٩١، كانونی دووەمی ١٩٩٢.

## هۆکارەکانی مانگرتنەکانی ١٩٩١

هەرچەندە سەنتەری شارە گەورەکان، بەتایبەت هەولێر و دهۆك و سلێمانی و کەرکوك لەلایەن سوپای عیراقەوە بۆ ماوەیەك دەستی بەسەردا گیرابوویەوە، بەڵام بەعس نەیدەتوانی بەرێوەیان ببات و خۆی ڕابگرێت، بۆیە لە کۆتایی ساڵی ١٩٩١دا عیراق هێزە سەربازییەکانی بۆ دەرەوەی ناوچەی دژە فڕین کێشایەوە، هەر دوای ئەوە سەرجەم دامودەزگە کارگێڕییەکانیشی لە هەر سێ پارێزگەی هەولێر و دهۆك و سلێمانی کێشایەوە، جگە لە شاری کەرکوك و خانەقین، بەمەش بۆشاییەکی کارگێڕی لە هەرێمدا دروستبوو، ڕژێم داوای لە فەرمانبەرانی کرد کوردستان جێبهێڵن و بەرەو ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی حکومەت بچن، بەڵام کاتێك زۆربەی زۆریان ئەو داخوازییەیان ڕەتکردەوە، بەغدا وەك کاردانەوەیەك موچەو خانەنشینی هاوڵاتیان و کارمەندانی بڕی، کە نزیکەی (٣٠٠٠٠٠) کارمەندی حکومی لەموچەو مافەکانی خۆیان بێبەشکران،[١٧] دوای ئەوە ڕژێم ئابلۆقەی ئابووریشی خستە سەر ناوچە ئازادکراوەکانی هەرێم و ئازوخەو سوتەمەنی بەتەواوی لێ قەدەغەکردن، جگە لەو ئابلۆقە ئابوورییەی کە لەلایەن نەتەوەیەکگرتووەکانەوەبەسەر عیراقدا سەپێنرابوو، هەرێمی کوردستان دووجار ئابلۆقەی کەوتە سەر، لەئەنجامی ئەوەدا نرخی شتومەك زۆر بەرز بۆوە، خەڵکی بۆ دابینکردنی ژیانیان کەوتنە فرۆشتنی کەلوپەلەکانی ناوماڵیان، بازاڕەکانی کوردستان پڕبوو لە پارەی قەڵب (پارەی لەچاپدراوی عیراقی).[١٨]

مەبەستی ڕژێمی بەعس ئەوە بوو کە بەم هەنگاوانەی چەند نیشانێك بپێکێت، لەوانە:

١-لەو کاتی گرانی و برسێتیەدا، گەلی کورد برسی تر بکات، بۆ ئەوەی سەر دانەوێنێ و بەکەمترین ماف ڕازی بێ.

٢-نانەوەی کێشەو گیروگرفت بۆ بەرەی کوردستانی کە بەخەیاڵی خۆیان ئەمڕۆ یا سبەی دەگاتە ڕادەی لێکدابڕانی بەرەی کوردستانی و جەماوەر.

٣-دروستکردنی بۆچوونی جیا لەناو بەرەی کوردستانیدا، کە بە خەیاڵی ئەوان ڕێ بۆ لێکترازانی بەرەی کوردستانی خۆش دەکا.[١٩]

بەم جۆرە ڕژێمی بەعس ئومێدی بەوە بوو کە ئاڵۆزی باری ئابووری و ئیداری ببێتە هۆی پاشاگەردانی و حزبە سیاسیەکان بکەونە ململانێ و شەڕی یەکتر و ئەمەش وا لە کورد دەکات لەبەرامبەر بەغدا بکەونە سەر چۆك، بەڵام لەو ساتەدا ڕژێمی بەعس ئەو ئومێدەی بەدی نەهات. جاربەجار لەناوچەکانی تەماسیشدا هێرش و پێکدادان لەنێوان هێزی پێشمەرگەو سوپای عیراقدا دروست دەبوو و مەترسیی دووبارە پەلاماردانەوەی کوردستان لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە هەبوو.[٢٠] چەند جارێك خۆپیشاندان و ڕاپەڕینیش لەلایەن جەماوەرەوە لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی و

---

[١٧] ئۆفرا بینگیۆ: سەرچاوەی پێشوو، ل٣١٤.

[١٨] ئاراس عبدالرحمن مستەفا: ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١ لە باشوری کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل٤٤٠؛ ئۆفرا بینگیۆ: سەرچاوەی پێشوو، ل٣١٣.

[١٩] ڕێبازی نوێ، ئۆرگانی ناوەندی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ژمارە (٤)، ١٧/١١/١٩٩١.

[٢٠] بۆ نمونە ڕۆژی ٧/٩/١٩٩١ چەند فڕۆکەیەکی هەلیکۆپتەر کەوتنە بۆمبارانکردنی گوندەکانی (کوچەك، کانی لەلە، سێگردکان، حەسار) و دەوروبەرەکەشی لە ئۆردوگای دارەمانەوە درایە بەر تۆپ و بۆ ڕۆژی دوایی هەلیکۆپتەر کەوتە بۆردومانکردنی ناوچەی تەقتەق و سەرەنجام شەڕی سەخت لەناوچەکانی کەرکوك و تەقتەق و کۆیە و زنجیرە چیاکانی هەیبەت سولتان ڕوویدا. ئەمە لەکاتێکدا ڕوویدا کە هیچ لەئارادا نەبوو. هەروەها لە ٢/١١/١٩٩١ هێزەکانی ڕژێم هێرشێکی کتوپڕیان کردە سەر بارەگاکانی بەرەی کوردستانی لە نەوجول و

رانیە و کۆیە دژ بە رژێم دووبارە بوونەوەو لەلایەن چەکدارانی رژێمەوە تەقە لە خۆپیشاندەران کرا، بەڵام هێزی پێشمەرگە کە لەشارەکاندا بوو پشتی جەماوەریان گرت. [21] سەرباری ئەمە، گفتوگۆی نێوان رژێمی بەعس و بەرەی کوردستانی ساردیی تێکەوتبوو، بەڵام نەپچڕابوو، ئەوەبوو لە سێپتەمبەری ١٩٩١ رژێم بۆ جارێکی تر پەیامی دانوستاندنی دایەوە بە بەرەی کوردستانی و داوای دیداری مەسعود بارزانی کرد، لەئەنجامدا بارزانی دیدارەکەی قبوڵ کرد، بەو مەرجەی دیدارەکە لە بەغدا نەبێ، لە ١٥ی سێپتەمبەری ١٩٩١ بارزانی لەگەڵ عزەت دوری و حسین کامل دا لەکەرکوك چاویان بە یەکتری کەوت، رژێم داوای ئەوەی دەکرد کە دەبێت لە داهاتوودا وەفدی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) لەلایەن خودی مام جەلالەوە نوێنەرایەتی بکرێت، دوادیداری بارزانی لەگەڵ سەددامدا لە ٣٠ نۆڤەمبەری ١٩٩١ بوو و لە ٤ی دیسەمبەردا بارزانی لە بەغدا گەڕایەوە، ئەوکاتە بارزانی داوای لابردنی گەمارۆی ئابوری لەسەر هەرێمی کوردستان دەکرد بە گەڕانەوەی متمانە لەنێوان بەرەی کوردستانی و رژێمی بەعس. [22]

بەرەی کوردستانی ماوەی هەشت مانگ لەگەڵ حکومەتی عیراق لە گفتوگۆدا بوو، وێرای دەرکەوتنی مانۆڕ و فرت و فێڵەکانی رژێم مایەوەو درێژەی بە گفتوگۆی خۆی لەگەڵ رژێمدا دەداو جەماوەری کوردستانیش کە بەتەمای ئەوە بوون داخوازییەکانیان هەر لە رێگەی ئەم گفتوگۆیەدا چارەسەر بکرێ و بێتەدی، کەچی بە پێچەوانەوە بە بنبەست گەیشتنی گفتوگۆو ئامادە نەبوونی رژێم بۆ سەلماندنی کەمترین داخوازییەکانی گەلی کوردستان، ئەو خەڵکەی بەتەواوی ئومێد بڕ کردو ناچاری کردن کە بۆ هێنانەدی داخوازییەکانیان جارێکی تریش بێنەوە مەیدان. [23] جگە لەمە دەرەنجامی سیاسەتی سەرکوتکەرانەی (٢٣)ساڵی حوکمی بەعس لە کوردستاندا، ژمارەیەکی زۆر هاوڵاتیی کورد لەئەنجامی شاڵاوەکانی ئەنفالدا بێسەروشوێن کرابوون و چارەنوسیان دیار نەبوو، ئەمانەش هەمووی پێویستیان بەوەبوو هێزە سیاسیەکان بەتایبەتی و جەماوەری کوردستان بەگشتی ئامادەی رووبەڕوو بوونەوەو بەدواداچوون بۆن و خۆیان بۆ بەڕێوەبردنی ئەم قۆناغە نوێیە ئامادە بکەن.

هەموو ئەمانە، برسێتی و نەبوونی و گەمارۆی ئابووری دوو لایەنە، دروستبوونی بۆشایی ئیداری و کشانەوەی دام و دەزگا فەرمیەکان، ترس لە هێرش و پەلاماری رژێمی بەعس و ناڕۆشنی داهاتوو و چارەنوسی خەڵك، وەك پێویست ئیدارە نەدانی هەرێم لەلایەن بەرەی کوردستانیەوە، بوونە مایەی ئەوەی مانگرتنەکانی کانوونی یەکەمی ١٩٩١ی لێبکەوێتەوە. کە تیایدا سەدان گەنجی کورد بۆ ماوەی (٨) تا (١٠) رۆژ لەبەردەم بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان و فەرمانگە فەرمیەکاندا مانیان لە خواردن و خواردنەوە گرت و بە یاداشت و بەیاننامەکانیان داواکارییەکانی کوردیان لەم قۆناغەدا خستە روو، بۆ پشتیوانی کردنیشیان رۆژانە لەسەرجەم شار و شارۆچکەکانی کوردستان بە سەدان هەزار هاوڵاتی دەڕژانە سەر شەقامەکان و بەشداری خۆپیشاندانەکانیان دەکرد و بەرەو رووی نوسینگەکانی نەتەوە

---

شەڕی لێکەوتەوەو رژێم تۆپ و زرێپۆش و هەلیکۆپتەریشی لە شەڕەکەدا بەکار هێنا. (رێبازی نوێ، ژمارە (٢)، ١٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٩١)؛ (رێبازی نوێ، ژمارە (٤)، ١٧ تشرینی دووەمی ١٩٩١).

[21] بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە خۆپیشاندان و راپەڕینەکان بڕوانە( رێباز: قەندیل بەغدای هەژاند، لاپەڕەکانی ٢٢٣–٢٥٢؛ عەبدولڕەزاق مەرزەنگ: سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٧–١٨٢؛ ئاراس عبدالرحمن مستەفا: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣٤–٤٤٠).

[22] ئاراس عبدالرحمن مستەفا: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤٠؛ کریس کۆچیرا: بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد و هیوای سەربەخۆیی، وەرگێڕانی ئەکرەمی میهرداد، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل١٣٣.

[23] رۆژنامەی ئالای ئازادی: ژمارە (٧)، خولی دووەم، ناوەڕاستی کانونی یەکەمی ١٩٩١.

یەكگرتووەكان دروشمیان بەرز دەكردەوە.[٢٤] ئەم مانگرتنانە بزوتنەوەیەكی جەماوەریی سەرتاسەری بوون لە هەرێمی كوردستاندا و بەبێ لەبەرچاو گرتنی ئینتیمای حزبی و بیروڕای سیاسی، سەرجەم چین و توێژو پێكهاتەكانی كوردستان بەشدارییان تیادا كرد و بە یەكەم هەنگاوی خەباتی مەدەنی و دیموكراسیانە دادەنرێت لەباشوری كوردستاندا. جگە لەمە رێگەیەكیش بوو بۆ بەرزكردنەوەی وورەی جەماوەر و دەرخستنی یەكرِیزیی كورد و گەیاندنی دەنگی كوردیش بوو بە جیهانی دەرەوە لەم قۆناغە هەستیار و ناسكەدا.

## رەوشی بەڕێوەچوونی مانگرتنەكان

### دەستپێكردنی مانگرتن لە سلێمانی:

(١٣) لاوی كورد كاتژمێر (١٢)ی رۆژی ١٩٩١/١٢/٥ لە شاری سلێمانی بڕیاریاندا مان بگرن، یاداشتێكی (٧) خاڵیان نوسی بۆ نوێنەری نەتەوە یەكگرتووەكان و داخوازییەكانیان تێدا خستبووە روو، بەڵام گرفتی سەرەكییان بریتی بوو لەچۆنیەتی وەرگێڕانی داواكاریەكانیان بۆ زمانی بەئینگلیزی، بۆ ئەم مەبەستە هانا دەبەنەبەر مامۆستایەكی كیمیا، بەڵام ئەو لەترسی بەرەی كوردستانی بۆی نەكردوون، پاشان پەنایان بردبوو بۆ مامۆستایەكی زمانی ئینگلیزی، بەومەرجەی ناوی نەهێنرێت یاداشتەكەی وەرگێڕایە سەر زمانی ئینگلیزی.[٢٥] دوای لەبەرگرتنەوەی چەندین دانەو بڵاوكردنەوەی بەناو خەڵكی دا چوونە بەردەم نوسینگەی كۆمیسارایای پەنابەران (un) لە سلێمانی و یاداشتەكەیان پێشكەش كرد،[٢٦] (بەهجەت) كەیەكێ لە مانگرتووەكان بوو وەك نوێنەری مانگرتوەكان براوەتە ژوورەوە بۆ بارەگاكەی (UN)، دوای (٣) كاتژمێر گفتوگۆكردن، داوایان لێ كردوون بگەڕێنەوە و سبەی كاتژمێر (٩) وەڵامیان دەدەنەوە، بەڵام مانگرتووەكان ڕازی نەبوون.[٢٧] لەم بارەیەوە (كامەران سەعید كوردە) كە یەكێ لە مانگرتووەكان بوو نوسیویە: "دوای ئەوەی یاداشتەكەمان پێشكەش بە نوێنەری (un) كرد، وەڵامی داینەوەو وتی یاداشتەكەتان بەرز دەكەینەوە بۆ بارەگای كۆمەڵەی مافی مرۆڤ لە جنێف، پاشان وەڵامتان دەدەینەوە، نوێنەری (un) رەخنەی لەسەر ئەوە هەبوو كە گوایە پێشتر كاتتان بۆ دانەنراوە، واتە (موعد)تان نیە، نوێنەرەكەمان لەوەڵامدا وتی ئایا مردن كاتی بۆ دانراوەو كاتی هەیە"؟[٢٨] كامەران لە درێژەی بابەتەكەدا نوسیویە: "نوێنەرەكەی (un) پێی وتین: جارێ واز لە مانگرتن بهێنین چونكە ئەو داخوازیانەی ئێوە گەلێ گرانەو پێویستی بە دیراسەو كۆبوونەوەی ماف مرۆڤ هەیەلە (un)، ئێستاش وا سەرماو سۆڵەو برسیەتی كاری تێكردوون، هەڵسن برۆن و پاشان وەڵامتان ئەدەینەوە. بەڵام نوێنەرەكەمان وەڵامی دایەوەو وتی: ئێمە نمونەیەكی زیندووین لەو خەڵكە بێدەرەتان و برسییە و ئێمەش بەشێكین لەوان، تاكو وەڵاممان نەدرێتەوە بەردەوام دەبین لەسەر مانگرتن بۆ ئەوەی بیسەلمێنین كە رازین بە مردن، هەركەسەو تابووتی خۆی هێناو چوینە ناویەوەو چاوەڕێی یا مردن یا جێبەجێكردنی

[٢٤] جريدة طريق الشعب: الجريدة المركزية للحزب الشيوعي العراقي، العدد (١٠)، السنة ٥٧، اواسط كانون الاول ١٩٩١.

[٢٥] ئاڵای شۆڕش، ژمارە (١١-١٢)، كانونی یەكەمی ١٩٩١، كانونی دووەمی ١٩٩٢.

[٢٦] رێبازی نوێ، ژمارە (٦)، كۆتایی كانونی یەكەمی ١٩٩١؛ بەرەی كوردستانی، ژمارە (٥)، خولی دووەم-ساڵی چوارەم-ك١٩٩١/١؛ پەیامی نوێ، ژمارە (٣)، كانونی یەكەمی ١٩٩١" ئاڵای ئازادی، ژمارە (٧)، خولی دووەم، ناوەڕاستی كانونی یەكەمی ١٩٩١" خەباتی نوێ، رۆژنامەی یەكێتی پێشەنگی خوێندكارانی كوردستان، ژمارەی تایبەت، كانونی یەكەمی ١٩٩١.

[٢٧] ئاڵای شۆڕش، ژمارە (١١-١٢)، كانونی یەكەمی ١٩٩١، كانونی دووەمی ١٩٩٢.

[٢٨] كامەران سعید عبداللە كوردە: مانگرتن وانەیەكی تری خەباتی دیموكراسی، بێ شوێن و ساڵی چاپ، ل٧-٨.

داواکارییەکانمان دەکرد". [٢٩] ئەو (١٣) لاوە رایانگەیاند کە مانگرتنەکەیان بێلایەن و سەربەخۆیە، و ئەوان نوێنەری کۆمەڵانی ئاوارەو بێ لانەو برسیەکانی کوردستانن و هاتوون داواکانیان لە رێی ئەمانەوە بگەیەننە گوێی هەموو دنیا، هەڵبەتە ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە لەناو مانگرتووەکاندا کەسیان ئەندام و لایەنگری حزب و لایەنەکان نەبن. [٣٠] ئەمە سەرەتای دەستپێکردنی مانگرتنەکە بوو، بارو دۆخەکە لەبار بوو، زوڵم و زۆری چەندین ساڵەی دەسەڵاتی بەعس بەسەر خەڵکی کوردستان و پەنگ خواردنەوەی رقی جەماوەر، بوونی کەشێکی ئازاد لەلایەك و لەبەرامبەردا تارمایی شەرفرۆشتنی بەعس بەسەر کوردستانەوە، بێئومێدی لە پرۆسەی دانوستاندنی نێوان رژێم و بەرەی کوردستانی، کشانەوەی دام و دەزگا ئیدارییەکان لە هەرێم و ئابلۆقەی ئابووری و گرانی و قات و قڕی، ئەم هۆکارانە بوونە مایەی ئەوەی کە جەماوەری کوردستان بەهەموو چین و توێژەکانیەوە، بە ئایین و نەتەوەی جیاجیاوە، بە بیروباوەڕی جیاجیاوە یەکدەنگ بەدەم پشتگیری کردنی مانگرتووەکانەوە بچن. [٣١]

لەم بارەیەوە (بەهجەت حەمە ئەمین)ی مانگر دەڵێت: "لەرێگەی مانگرتنەوە دەمانویست بەهەموو دونیا بڵێین میللەتێك هەیە ناوی کوردە، ژمارەی زیاتر لەچل ملیۆنەو لەلایەن وڵاتانی دەرەوە فەرامۆش کراوە، میللەتێك زۆر بەئاسانی باس دەکرێت (١٨٢) هەزار مرۆڤی لەدەست چووە، لەماوەی چەند دەقیقەیەکدا (٥) هەزار هاوڵاتی لێ رۆیشتووەو شەهیدکراوون". [٣٢] ئەوە بوو لە رۆژی دووەمدا ١٢/٦ جەماوەری سلێمانی خرۆشان، ئەو رۆژە نزیکەی (٣٠٠٠٠) کەس رێپێوانیان ئەنجامدا بۆ پشتگیری مانگرتووەکان، کاتژمێر (٤)ی ئەو رۆژە (١٢) لاوی تر چوونە پاڵیان و ژمارەیان بوو بە (٢٥) مانگرتوو.[٣٣]

شایانی باسە چونکە (رادیۆی دەنگی گەلی کوردستان) رۆڵێکی زۆر چالاکانەی هەبوو لە گواستنەوەی دەنگوباسەکانی مانگرتن و خۆپیشاندانەکانداو پشتگیرییەکی بەرچاوی هەبوو لە هاندانی جەماوەر بۆ خۆپیشاندانەکان، سەرەنجام لەلایەن مانگرتووەکانەوە وەك ئەندامێکی فەخریی مانگرتن و بیست و شەشەمین مانگرتوو ئەژمار کرا. [٣٤] بەلام لە رۆژانی دواتردا (٢) لە مانگرتووەکان لەریزی مانگرتن کرانە دەرەوەو لەبەر ئەوەی یەکێکیان بە دزییەوە نانی خواردبوو و ئەوەی تریشیان بەهۆی ئەوەی گوایە لە رابردوودا پەیوەندی بە بەعسەوە هەبوبێت.[٣٥]

رۆژی ١٩٩١/١٢/٧ لە کاتژمێر (٢)ی پاش نیوەڕۆ زیاتر لە (٥٠٠٠) کەس لە دانیشتوانی هەلەبجە بەشدارییان لە رێپێوانێکدا کرد بۆ پشتگیری لە مانگرتووان و داوای جێبەجێکردنی داواکارییەکانیان دەکرد. [٣٦] رۆژی ١٩٩١/١٢/٨

---

[٢٩] هەمان سەرچاوە، ل٦.

[٣٠] پەیامی نوێ، ژمارە (٣)، کانونی یەکەمی ١٩٩١؛ ئاڵای شۆڕش، ژمارە (١١-١٢)، کانونی یەکەمی ١٩٩١، کانونی دووەمی ١٩٩٢.

[٣١] کامەران سعید عبدالله کوردە: سەرچاوەی پێشوو، ل٩.

[٣٢] ئاڵای شۆڕش، ژمارە (١١-١٢)، کانونی یەکەمی ١٩٩١، کانونی دووەمی ١٩٩٢.

[٣٣] هەمان سەرچاوە.

[٣٤] رێبازی نوێ، ژمارە (٦)، کۆتایی کانونی یەکەمی ١٩٩١.

[٣٥] پەیوەندی تەلەفۆنی توێژەر بە نەورۆز عەباس سەعید ناسراو بە (نەورۆزی مانگر) لە رۆژی ٢٠١٦/٢/١٧، کە یەکێك لە مانگرتووەکانی سلێمانی بوو.

[٣٦] سەربەخۆیی، ژمارە (١٠)، کانونی یەکەمی ١٩٩١.

بۆ پشتگیری لە مانگرتووان سەرتاپای دوکان و بازاڕی شاری سلێمانی داخران. [٣٧] هەمان رۆژ لە کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ نزیکەی (٢٠٠٠٠) کەس بەڕێپێوان بەرەو بارەگای پزیشکانی بێ سنور چوون، یاداشتێکیان پێدان، کە تیایدا هاتبوو:

**"بەڕێزان پزیشکانی بێ سنور... ئێمە کە پشتیوانی ئەو هاونیشتمانیانەی خۆمانین کە بۆ دوو رۆژ ئەچێت مانیان لە خواردن و خواردنەوە گرتووە، تکا ئەکەین کە لەلایەن بەڕێزتانەوە پشکنینیان بۆ بکرێت تا راپۆرتەکەش بدرێت بە لایەنە لێپرسراوەکان، سوپاستان دەکەین".** [٣٨]

پزیشکانی بێ سنوریش هەر هەمان رۆژ بەدەم داواکەوە چوون و دەستەیەك پزیشکیان نارده لای مانگرتووەکان. هەمان رۆژ مانگرتووەکان یاداشتی ژمارە (٢)یان دا بە نەتەوە یەکگرتووەکان، وێرای جەختکردنەوە لەسەر داواکارییەکان، تیایدا هاتبوو: "بۆ ئەوەی قورسایی نەخەینە سەر بارەگاکەتان، جاری رێگە نادەین ژمارەی مانگرتووەکان لە (٢٥)کەس تێپەڕ بکات". [٣٩] رۆژی ١٢/٨ مانگرتن بەردەوام بوو، پشتیوانی جەماوەر بە رێپێوان تا دەهات گەرم و گوڕتر دەبوو، لقی سلێمانیی کۆمەڵەی ماف مرۆڤ لە کوردستان یاداشتێکی پشتگیریان پێشکەش بە مانگرتووەکان کرد. [٤٠]

رۆژی ١٢/٩ مانگرتن بەردەوام بوو، رەوشی تەندروستی مانگرتووان باش نەبوو، فشاری خوێنیان دابەزیبو، هەمان رۆژ نوێنەری (دانیال میتران) گەیشتە لای مانگرتووان و وێرای پێگەیاندنی سلاو و رێزی، پشتگیریی خاتو دانیال میترانیشی پێگەیاندن. [٤١] هەروەها ژمارەیەك لاوی دانیشتووی رەواندز و سۆران و چۆمان بەنیشانەی پشتیوانیکردنی مانگرتووان و بەنیازی گەیاندنی پەیامی پشتگیری خەڵکی دەڤەرەکەیان لە هەشتی مانگەوە بەپێ بەڕێکەوتبوون، گەیشتنە سلێمانی. [٤٢]

رۆژی ١٢/١٠ وەك باقی رۆژەکانی تر مانگرتووان سوربوون لەسەر هەڵوێستەکانیان و تا دەهات پشتگیری جەماوەریش زیاتر دەبوو، هەمان رۆژ مانگرتووان نامەیەکیان ئاراستەی کۆنگرەی دامەزراندنی (رێکخراوی کورد بۆ مافی مرۆڤ) کرد، کە لە هەولێر کۆنگرەکەیان بەستبوو. رۆژی ١٢/١١ (مستەر بیرنارد) نوێنەری (صدرالدین ئاغاخان) و خاتو (لیسی) لە رێکخراوی میدیکۆی ئینترناسیۆنالی ئەلمانی سەردانی مانگرتووەکانیان کرد. [٤٣] رۆژی ١٢/١٢ کە رۆژی هەشتەمی مانگرتنەکە بوو، چەندین کەس لە گەرمیانەوە روویان کردبوە سلێمانی بۆ بەشداری مانگرتن، بەڵام بەپێی یاداشتی ژمارە (٢)ی مانگرتووەکان رێگەیان پێنەدەدرا بەشداری بکەن، رۆژ بەرۆژیش زیاتر قەوارەی پشتگیریی مانگرتووەکان بەرفراوانتر و گشتگیرتر دەبوو، ژمارەی بەشدار بووان زیاتر دەبوو. [٤٤]

---

[٣٧] هەمان سەرچاوە.

[٣٨] کامەران سعید عبدالله کوردە: سەرچاوەی پێشوو ، ل١٢.

[٣٩] پەیامی نوێ، ژمارە (٣)، کانونی یەکەمی ١٩٩١؛ کامەران سعید عبدالله کوردە: سەرچاوەی پێشوو، ل١٣.

[٤٠] بەیاننامەی لقی سلێمانیی کۆمەڵەی ماف مرۆڤ لە کوردستان لە ١٩٩١/١٢/٨.

[٤١] رێبازی نوێ، ژمارە (٦)، کۆتایی کانونی یەکەمی ١٩٩١.

[٤٢] مانگرتن، پاشکۆی رۆژنامەی راپەڕین، تایبەت بە مانگرتنەکانی شاری هەولێر، ژمارە (٣)، ١٩٩١/١٢/١٠.

[٤٣] کامەران سعید عبدالله کوردە: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧–٢٨.

[٤٤] هەمان سەرچاوە، ل٣٢.

یەکێ لەو فەرماندە سەربازییانەی پێشمەرگە کە رۆڵی بەرچاوی هەبوو لەپشتگیری و پاراستنی مانگرتووەکان، (مام رۆستەم) بوو، لەم بارەیەوە دەڵێت: "مانگرتوەکان کۆمەڵێك بوون کەتابوتی خۆیان هێنا و لەبەردەم (UN) مانیان گرت لەخواردن و خواردنەوە، منیش کەئەوانم بینی زۆر ئازایانە و لەخۆبردوانە بەو وەرزی زستانە بەردەوامن، کۆمەڵێ پاسەوانم کۆکردەوە و شەوڕۆژ پاسەوانیم دەکردن، نەکا حکومەتی عێراق (TNT) بنێرێت و بیانتەقێنێتەوەو بیانکوژێ". [٤٥]

رۆژی ١٢/١٣ قەوارەی پشتگیری کردن و خۆپیشاندانەکان زۆر گەورەتر بوو بوو، مانگرتووەکان تەندروستیان تا دەهات بەرەو خراپتر دەچوو، بەڵام ورەیان بەرز و سور بوون لەسەر داواکارییەکانیان، بەردەوام ئاهەنگ و گۆرانی و مۆسیقای کوردی جۆش و خرۆشێکی زیاتری بە ئامادەبووان دەبەخشی. هەمان رۆژ کەسوکاری شەهیدان لە گۆڕستانی شەهیدانەوە بە رێپێوانێکی فراوان رووەو مانگرتنەکان چوون و چەپکە گوڵیان پێشکەش کردن. [٤٦] پاش نیوەڕۆی هەمان رۆژ وەفدێکی بەرەی کوردستانی کە بریتی بوون لە: (عبدالله ئاگرین، فایقە رەش، حەمە شوان، مەنسور) سەردانی مانگرتووەکانیان کرد و مانگرتووەکانیش ئەم داخوازیانەیان پێڕاگەیاندن:

یەکەم:ئێمە وەك مانگرتووەکان سەربەخۆین و پەیوەندیمان بە هیچ لایەنێکەوە نیە.

دووەم: نەهێشتنی گومرگ و قاچاخچێتی و دزی و پیاوکوژی. دز لەبەردەمی خەڵکدا لەسێدارە بدرێ، پێشمەرگە یەك بخرێ و شورای شار و گەڕەکەکان دامەزرێن.

سێیەم: چارەسەرکردنی کێشەکانی( دزینی بەنزین و یەکسان دابەشکردنی،دزینی یارمەتیەکان، دۆلار فرۆشتن، تەزویرکردن). [٤٧]

هەموو ئەو راستیانەیان بە وەفدی بەرە گەیاندووە، وەفدی بەرەش گفتیان پێدان داخوازییەکانیان جێبەجێ بکەن.

رۆژی ١٢/١٤ کە رۆژی دەیەم و دووا رۆژی مانگرتنەکە بوو، بۆ پشتیوانی کردنی مانگرتووەکان چەند کەسێك لە ئاوارەکانی خانەقین و کفری و داقوق و کەلار، لە کەلارەوە بە پێ گەیشتنە لای مانگرتووەکانی سلێمانی، ژنانی گەڕەکی سەرشەقام هەفتەیەك بەڕۆژوو بوون، (٥٧)خوێندکار و دوو مامۆستای پەیمانگەی مامۆستایانی سلێمانی بڕیاری مانگرتنیاندا لە خواردن بۆ ماوەی (٢٤)کاتژمێر. [٤٨] هەمان رۆژ کاتژمێر (١) نیوەرۆ لە خۆپیشاندانێکی فراواندا لەسەر داوای بەرەی کوردستان کۆتایی بە مانگرتنەکە هات. ئەمەو مانگرتووانی شاری سلێمانی ماوەی (١٠) رۆژ کە دەکاتە (٢٤٠) کاتژمێر لەسەر مانگرتنەکەیان بەردەوام بوون. [٤٩]

---

[٤٥] بەرەی کوردستانی، ژمارە (٦)، خولی دووەم–ساڵی چوارەم–ك١٩٩٢/٢.

[٤٦] هەمان سەرچاوە.

[٤٧] ئاڵای شۆڕش، ژمارە (١١–١٢)، کانونی یەکەمی ١٩٩١، کانونی دووەمی ١٩٩٢.

[٤٨] کامەران سعید عبدالله کوردە: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩.

[٤٩] رێبازی نوێ، ژمارە (٦)، کۆتایی کانونی یەکەمی ١٩٩١.

## مانگرتن و خۆپیشاندانەكان لە هەولێر:

كاتژمێر (٩)ی سەرلەبەیانی رۆژی١٩٩١/١٢/٧ بەشێكی زۆر لە دانیشتوانی شاری هەولێر خۆپیشاندانێكی بەرفراوانیان سازكرد،[٥٠] كە لەهەموو كون و قوژبنێكی شارەوە هاتبوون، لە زانكۆو قوتابخانەو كارگەو ئۆردوگاكانەوە بەپێ بەرەو بارەگای نەتەوە یەكگرتووەكان لە شارۆچكەی عەنكاوە چوون، بۆ پشتگیری لە مانگرتووەكانی سلێمانی، داواكارییەكانی جەماوەری هەولێریان بەرزكردەوەو پێشكەشی نوێنەری نەتەوە یەكگرتووەكانیان كرد، ئەم خۆپیشاندانە شەش كاتژمێری خایاند و لەئەنجامدا (١٠٤) كەس لەبەردەم بارەگای نەتەوە یەكگرتووەكاندا مانەوەو مانیان لە خواردن گرت.[٥١]

رۆژی ١٢/٨ شەپۆلی خۆپیشاندان و رێپێوانەكان بۆ پشتگیری مانگرتووان زیاتر بوو، بەپێی سەرچاوەكان نزیكەی نیو ملیۆن كەس لە بەیانیەوە تا ئێوارە بەشداری رێپێوانەكەو سەردانی مانگرتووەكانیان كرد، هەر لەم چوارچێوەیەدا ژمارەیەك لاوی شەقلاوە لە شەوی ٧ لەسەر ١٢/٨ وە بە پێ بەرەو هەولێر بەڕێ كەوتن.[٥٢] لەگەڵ شەپۆلێكی تری هەزار كەسیی جەماوەری شارۆچكەی مەسیف سەلاحەدین تێكەڵاو بوون و لەوێ چاویان بە (كۆلۆنێل ناب) كەوت كە ئەفسەرێكی پایەبەرزی هێزی هاوپەیمانەكان بوو و داواكارییەكانیان پێشكەش كرد، ئەوسا بەرەو هەولێر بەڕێكەوتن و تێكەڵ بە خۆپیشاندانەكان بوون، هەروەها وەفدێكی كۆمیتەی پشتگیریی مانگرتووەكانی سلێمانی كە لە (٢٣)كەس پێكهاتبوون، بۆ پشتگیری مانگرتووەكان گەیشتنە هەولێر، ژمارەی لاوە مانگرتووەكانیش زیادی كرد بۆ (١٣٦)كەس.[٥٣]

رۆژی ١٢/٩ مانگرتن و خۆپیشاندانەكان بەردەوام بوون، وەفدێكی مانگرتووان لەگەڵ لێپرسراوی نوسینگەی هەولێری نەتەوە یەكگرتووەكان كۆبۆوە و یاداشتی دووەمیان پێشكەش بە نەتەوەیەكگرتووەكان كرد، دەستەی دووەمی نوێنەری مانگرتووانی شاری سلێمانیش بە مەبەستی پشتگیری گەیشتنە هەولێر، لە هەمان رۆژدا مانگرتووانی شاری كۆیە كە ژمارەیان (١٢) كەس بوو دووای دوو رۆژ مانگرتن لە كۆیە گەیشتنە هەولێر كە دوو لەوانە ژن بوون.[٥٤]

رۆژی ١٢/١٠ سەرباری سور بوونی مانگرتووان لەسەر هەڵوێستی خۆیان و جۆش و خرۆشی جەماوەرێكی زۆر، هەرچەندە پزیشكی سەرپەرشتیاری مانگرتووان (د.عارف ئەحمەد)[٥٥] رایگەیاند كە رەوشی تەندروستی مانگرتووان روو لە خراپییە و كەم خوێنی بێهێزیان پێوە دیارە، ساردی و بارانیش كاری تێكردوون، بەڵام مانگرتووان ورەیان

---

[٥٠] بەپێی سەرچاوەكان لەم خۆپیشاندانەدا نزیكەی (٤٠)هەزار كەس بەشداری تیادا كردووە. (مانگرتن، پاشكۆی رۆژنامەی راپەڕین، ژمارە (١)، ١٩٩١/١٢/٨؛ رێبازی نوێ، ژمارە (٦)، كۆتایی كانونی یەكەمی ١٩٩١).

[٥١] مانگرتن، پاشكۆی رۆژنامەی راپەڕین، ژمارە (١)، ١٩٩١/١٢/٨؛ رێبازی نوێ، ژمارە (٦)، كۆتایی كانونی یەكەمی ١٩٩١.

[٥٢] ئالای ئازادی، ژمارە (٧)، خولی دووەم، ناوەراستی كانونی یەكەمی ١٩٩١؛ مانگرتن، پاشكۆی رۆژنامەی راپەڕین، ژمارە (٢)، ١٩٩١/١٢/٩. لەوەیە ئەم ژمارەیە (نیو ملیۆن كەس) زێدەرۆیی تیادابێت، بەلام لەسەرچاوەكاندا بەم جۆرە هاتووە.

[٥٣] مانگرتن، پاشكۆی رۆژنامەی راپەڕین، ژمارە (٢)، ١٩٩١/١٢/٩؛ رێبازی نوێ، ژمارە (٦)، كۆتایی كانونی یەكەمی ١٩٩١.

[٥٤] مانگرتن، پاشكۆی رۆژنامەی راپەڕین، ژمارە (٣)، ١٩٩١/١٢/١٠.

[٥٥] د.عارف ئەحمەد پزیشكی مانگرتووەكان بوو، سەرپەرشتی تیمێكی پزیشكی دەكرد كە چاودێری رەوشی تەندروستی مانگرتوانیان دەكرد لە هەولێر، رۆڵێكی بەرچاوی هەبوو و لەماوەی ئەو هەشت رۆژەی مانگرتنەكەدا مانگرتووەكانی جێنەهێشت.

بەرزەو تەنانەت رەفزی پشکنینیشیان دەکرد. (٥٦) (کۆسرەت رەسول) ئەندامی مەکتەبی سیاسیی ی.ن.ك سەردانی مانگرتوانی کرد و بەشداری خۆپیشاندانەکەی کرد و چووە نێو مانگرتووەکانەوە، لە وتەیەکیدا کە بۆ مانگرتووەکان دووا، دووپاتی ئەوەی کردەوە کە مانگرتنەکان گەورەترین رووداوی ئەو سەردەمەو ناوچەکەن، و دووا رۆژێکی رووناکی بۆ گەلەکەمان و مانگرتووەکان بەدواوەیە. هەروەها رایگەیاند کە سەرکردایەتی (ی.ن.ك) بەهەموو جۆرێك و لە هەموو رێگەیەکەوە هەوڵی گەیاندنی دەنگی مانگرتووانی بۆ دەرەوەی وڵات بۆ هەموو وڵاتان و رێکخراوە مرۆڤ دۆستەکان و نەتەوە یەکگرتووەکان داوە. هەمان رۆژ (دکتۆر مەحمود عوسمان) سەردانی مانگرتووانی کرد و وتارێکی بە زمانی ئینگلیزی پێشکەش کرد کە رووی دەمی کردە نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان و داوای جێبەجێکردنی داواکاریەکانی مانگرتووانی کرد. بۆ هەمان مەبەست لەلایەن مەسیحیەکانی عەنکاوە بۆ پشتگیری مانگرتووانی کوردستان و گەیاندنی دەنگی راپەڕیوان نامەیەکیان ئاڕاستەی قەداسەتی پاپا کرد. هەر لە هەمان رۆژدا لە شاری هەولێر و لە هۆڵی میدیا کۆنگرەی دامەزراندنی رێکخراوی کورد بۆ مافی مرۆڤ بەسترا، لەم کۆنگرەیەدا وتاری کۆمیتەی پشتگیری کردنی مانگرتووان لەلایەن (د.حەمە عەلی)ەوە خوێندرایەوە. لە شەوەکەیدا هونەرمەندانی یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان و کۆمەڵەی هونەرمەندانی هەولێر، بە هاوبەشی ئاهەنگێکی سرود و گۆرانیان پێشکەش بە مانگرتووان کرد (٥٧)

یەکێ لەو فەرماندە سەربازییانەی پێشمەرگە کە رۆڵی بەرچاوی هەبوو لەپشتگیری و پاراستنی مانگرتووەکان، رەفعەت عەبدوللا ناسراو بە(رێباز) بوو،(٥٨) کە شەو و رۆژ خۆی و پێشمەرگەکانی بەدیار مانگرتووەکانەوە بوو و پاسەوانیی لێدەکردن و دەیپاراستن، لەم بارەیەوە دەڵێت: "دە سەیرکەن هەموو کوردستان بەیەك دەنگ هاوار دەکەن(ئێمە کوردین ئازادیمان دەوێ) ئاڵای کوردستان هەڵدەکەن، نەك بە دارو دەستەی رژێم و سەرباز و سیخوڕەکانی رازی نین، هاوار دەکەن سەدامیش محاکەمە بکرێ، کەواتە گەل خۆی چارەنوسی خۆی دیاری دەکات، ئەوانەی دەیانەوێ چاوبەستەکی بەگەلەکەمان بکەن زەمانی بەسەر چووە،...جا هەر بژی شۆڕشی گەل و بژی ئەوانەی مانیان گرتووە ". (٥٩)

رۆژی ١٢/١١ جگە لە بەشداری جەماوەری شاری هەولێر، ژمارەیەکی زۆر لە ژن و منداڵی بارزانیەکانی (ئۆردوگای قودس) کە پیاوەکانیان بێسەروشوێن بوون، لە خۆپیشاندانێکدا لەبەردەم بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان کۆبوونەوەو پشتیوانی خۆیان دەربڕی و ژمارەیەکیان چوونە ریزی مانگرتووەکانەوە، بەڵام کۆمیتەی مانگرتووەکان لەبەر زۆری ژمارەی مانگرتووەکان بە پەسەندیان نەزانی و لەمەڕ ئەو پشتیوانی و بەدەنگەوەچوونە گەرمەوە سوپاسیان کردن. هەروەها دانیشتوانی ئۆردوگای کانی قرژاڵ بۆ پشتیوانی رێپێوانیان سازداو چوونە بەردەم بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان. (مەلا بەختیار) سکرتێری ئاڵای شۆڕش و وەفدێك لە سەرکردایەتی حزبەکەی سەردانی

---

(٥٦) مانگرتن، پاشکۆی رۆژنامەی راپەڕین، ژمارە (٤)، ١٢/١١/١٩٩١.

(٥٧) هەمان سەرچاوە.

(٥٨) شەهید رێباز، ناوی (رەفعەت عەبدوللا پیرداوود)ە، ناسراوە بە رێباز، ساڵی ١٩٥٢ لە ناوچەی کەندێناوە لەدایکبووە، یەکێ لە پێشمەرگە سەرەتاییەکانی شۆڕشی نوێ و فەرماندەو پێشمەرگەیەکی پارتیزانی دەشتی هەولێر بوو، رۆڵی بەرچاوی هەبوو لە راپەڕینی ئازاری ١٩٩١ دا، کۆمەڵێك بەرهەمی چاپکراویشی هەیە، لە ٧/٥/١٩٩٤ لە شەڕی ناوخۆدا بە دیلی شەهید کرا.( فەرید ئەسەسەرد: ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ل٣٥٠-٣٥١).

(٥٩) رێباز: نرکەی کوردستان، ل٩٢-٩٣.

مانگرتووانیان کرد و پشتگیری خۆیان بۆ دەربڕین. هەروەها بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر سەردانی مانگرتووانیان کرد و وێڕای دەربڕینی پشتگیری بۆیان، بڕیاریاندا بە گۆڕینی ناوی (مرکز شرطة عینکاوە) بۆ (بنکەی پۆلیسی مانگرتووان). جگە لەمانە کوردانی باکوری کوردستان کە لە (١٠)کەس پێکهاتبوون لەگەڵ خاتونێکی رۆژئاوای کوردستان، بۆ پشتگیری گەیشتنە هەولێر و سەردانی مانگرتووانیان کرد. هەمان رۆژ تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە لە ئاهەنگێکدا کە بۆ مانگرتووانیان سازدا، سرودی (مانگرتن)یان پێشکەش کرد.[٦٠]

رۆژی ١٢/١٢ (کۆسرەت رەسول) بە یاوەری ژمارەیەك لە سەرکردەکانی حزبە سیاسیەکان لەچوارچێوەی (بەرەی کوردستانی)دا کە پێکهاتبوون لە: فرەنسۆ هەریری(پدك)، مەلا حەسەن(حشع)، عبداللە ئاگرین(پاسۆك)، سەردانی مانگرتوانیان کرد و هاوسۆزی خۆیان بۆ دەربڕین.[٦١] هەروەها (قادر عەزیز) سکرتێری حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان سەردانی مانگرتووانی کرد و لە ئیزگەکەشیانەوە وتارێکی پێشکەش کردن. هەمان رۆژ (حەسەن کوێستانی) لێپرسراوی مەڵبەندی (٣)ی (ی.ن.ك) بۆ دەربڕینی پشتیوانی مەڵبەند سەردانی مانگرتووانی کرد و پیرۆزبایی ئەو خەباتەی لێکردن. (کەریم ئەحمەد) سکرتێری هەرێمی کوردستانی (حشع)، سەردانی مانگرتووانی کرد و وتارێکی پێشکەش کردن. بۆ هەمان مەبەستی پشتگیری هێزی (١٠)ی دەشتی هەولێری (ی.ن.ك) رێ رۆیشتنێکی سەربازییان لەبەردەم مانگرتووان ئەنجامدا. جەماوەری ئۆردووگاکانی جدیدە و دارەتوو و شاری کۆیە و شارۆچکەی هیران بەشداری رێپێوانی ئەو رۆژە بوون. شەوی ١٢ لەسەر ١٢/١٣ لێپرسراوی نوسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان لەهەولێر بۆ مانگرتووان دووا و پشتگیری خۆی بۆ داواکانیان دەربڕی. هەمان رۆژ (رێکخراوی کورد بۆ مافی مرۆڤ) رێپێوانێکیان ئەنجامدا بۆ بەردەم بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان و وێڕای پشتگیریان لە داواکانی مانگرتووان بیرخەرەوەیەکیان پێشکەشی (un) کرد، هەمان کات بڕیاریاندا سەرجەم مانگرتووەکان ببنە ئەندامی فەخریی رێکخراوەکەیان.[٦٢]

رۆژی ١٢/١٣ رێپێوانەکە زۆر فراوانتر بووبوو، خوێندکارانی قوتابخانەکان و زانکۆی سەلاحەدین و پەیمانگاکان و فەرمانبەران و جەماوەری هەولێر و ئۆردوگاکانی دەوروبوری رۆڵی بەرچاویان هەبوو لە خۆپیشاندانەکەدا، ئێوارەکەی ئاهەنگێکی سرود و گۆرانی بۆ مانگرتووان سازکرا، لالۆ رەنجدەر و بورهان خۆشناو دوو لەوانە بوون کە رۆڵی بەرچاویان هەبوو، هەمان رۆژ کلیسای کاسۆلیکی لە عەنکاوە دیارییەکیان پێشکەش بە مانگرتووەکان کرد،[٦٣]

کۆمەڵێك نوسەر و تێکۆشەر رادیۆیەکی لۆکاڵیان بەناوی (دەنگی مانگرتووان)ەوە دانابوو، ئەم رادیۆیە رۆڵی بەرچاوی هەبوو لە بانگەشەکردن و هاندانی خەڵك و پشتگیری مانگرتووان، هەروەها رۆژنامەی (راپەڕین) رۆژانە

[٦٠] مانگرتن، پاشکۆی رۆژنامەی راپەڕین، ژمارە (٥)، ١٢/١٢/١٩٩١؛ سەربەخۆیی، ژمارە (١٠)، کانونی یەکەمی ١٩٩١.

[٦١] بەرەی کوردستانی، ژمارە (٦)، خولی دووەم-ساڵی چوارەم-ك٢/١٩٩٢؛ مانگرتن، پاشکۆی رۆژنامەی راپەڕین، ژمارە (٦)، ١٢/١٣/١٩٩١.

[٦٢] مانگرتن، پاشکۆی رۆژنامەی راپەڕین، ژمارە (٦)، ١٢/١٣/١٩٩١.

[٦٣] هەمان سەرچاوە.

پاشکۆیەکی تایبەتی بەناوی (مانگرتن)ەوە چاپو بڵاو دەکردەوەو هەواڵ و چالاکیەکانی مانگرتن و خۆپیشاندانەکانی تیادا بڵاو دەکرایەوە.[٦٤]

دوای نیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٩١/١٢/١٤ مانگرتووان دوای (١٩٨) کاتژمێر مانگرتن، لە خۆپیشاندانێکی بەرفراواندا کە سەدان هەزار کەس بەشدارییان کرد کە بە گەورەترین خۆپیشاندانی خەڵکی شاری هەولێر دادەنرا، بە ئامادەبوونی (مام جەلال) تیایدا وتارێکی پێشکەش کرد، مانگرتنەکە شکێنرا و دوای تەواو بوونی مەراسیمەکە، کاتژمێر (٤)ی ئێوارە مانگرتووەکان ڕەوانەی نەخۆشخانەی ڕزگاری کران، ئەوەش پاش ئەوەی خودی (سەدرەدین ئاغاخان) وەڵامی داواکارییەکانی مانگرتووانی دایەوە بە هێشتنەوەی چەکوشی ئامادەو هەوڵدانی جدی بۆ گەڕاندنەوەی هەموو ئاوارەکانی کوردستان بەگشتی و ئاوارەکانی کەرکوك بەتایبەتی و فراوانکردنی ناوچەی ئەمنی کوردستان.[٦٥]

## مانگرتن لە ڕانیە:

ڕۆژی ١٩٩١/١٢/٧جەماوەری شاری ڕانیە پشتیوانیان لە مانگرتووەکانی شاری سلێمانی کرد و لەبەردەم نوسینگەی (un) بۆ هەمان مەبەست کۆبوونەوە، هەزاران کەس لە قەلادزێ و سەنگەسەر و چوارقوڕنە و حاجیاوا چوونە شاری ڕانیە و لەوانیش چەند لاوێك مانگرتنی خۆیان ڕاگەیاند.[٦٦] بۆ ئەم مەبەستە یاداشتێکیان دا بە نوسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان.[٦٧]

لەبەردەم بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکاندا سێ گەنج وەك نارەزایی دەربڕینێك بەرامبەر ئەو بارودۆخە نالەبار و سەختەی بەسەر کورددا هاتووە گڕیان لە گیانی خۆیان بەردا، بەڵام فەرمانبەرەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و خەڵکی ناوچەکە ڕێگەیان پێگرتن و ڕزگاریان کردن، نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکانیش بەڵێنیدا سەرجەم داواکاریەکانیان بە شوێنی خۆی بگەیەنێت.[٦٨]

ڕۆژی ١٢/١٠ ژمارەیەکی زۆر لە جەماوەری خۆپیشاندەری چوارقورنەو سەروچاوەو حاجیاوەو گردجان و قەمتەران و کانی ماران و قەرەنیاغا ئامادە بوون، (مستەر هۆگۆ) لێپرسراوی نوسینگەی (un) لە ڕانیە سەردانی مانگرتووانی کرد و وتی:" باوەڕ بکەن ئەگەر کوردبام، ئێستا لەگەڵ ئێوە لەبەردەم دەرگای نەتەوە یەکگرتووەکان ڕادەوەستام".[٦٩] ئێوارەی ڕۆژی ١٢/١١، جارێکی تر (مستەر هۆگۆ) لێپرسراوی نوسینگەی (un) لە ڕانیە سەردانی

[٦٤] ڕۆژنامەی (مانگرتن)ی پاشکۆی ڕۆژنامەی (ڕاپەڕین)ی مەڵبەندی (٣)ی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، (٦) ژمارەی لێ بڵاو کرایەوە، (ئازاد جندیانی) سەرپەرشتی ئەکرد و ستافەکەی پێکهاتبوون لە: (مەولود برایم حسن، دلشاد مەجید، هەڵگورد جندیانی، ئیدریس لاوە، عبداللە کانی بەردی).

[٦٥] سەربەخۆیی، ژمارە (١٠)، کانونی یەکەمی ١٩٩١.

[٦٦] ڕێبازی نوێ، ژمارە (٦)، کۆتایی کانونی یەکەمی ١٩٩١؛ سەربەخۆیی، ژمارە (١٠)، کانونی یەکەمی ١٩٩١؛ مانگرتن، ڕۆژنامەیەکی تایبەتە بە مانگرتن لە ڕانیە، ژمارە (١)، ١٩٩١/١٢/١٠.

[٦٧] مانگرتن، ڕۆژنامەیەکی تایبەتە بە مانگرتن لە ڕانیە، ژمارە (١)، ١٩٩١/١٢/١٠؛ هێرش ڕەسوڵ: ڕۆژنامەی ڕۆژانەی مانگرتن ١٠ بۆ ١٩٩١/١٢/١٤–ڕانیە، گۆڤاری ڕانیە، ژمارە (٥)ی ئابی ٢٠٠٣، ل١٢–١٣.

[٦٨] طريق الشعب، العدد (١٠)، السنة ٥٧، اواسط كانون الاول ١٩٩١.

[٦٩] ڕێبازی نوێ، ژمارە (٦)، کۆتایی کانونی یەکەمی ١٩٩١.

مانگرتووانی کرد و وتی:" جارێکی تر ڕێز بۆ مانگرتووان دادەنێم و پشتیوانی خۆم دەردەبڕم بۆیان... بەڵێن دەدەم هەموو داواکاریەکانتان بە شوێنی خۆی بگەیەنین و لە ئەنجامەکان ئاگادارتان دەکەینەوە". [٧٠]

ڕۆژی ١٢/١٢ (مستەر کیتۆ) جێگری بەڕێوەبەری (un) لە سلێمانی سەردانی جەماوەر و مانگرانی ڕانیەی کرد و وتی: "بەڕاستی زۆر نیگەرانم کە ئێوە لەبەر ئەو باران و سەرمایەدا دەبینم، (صدرالدین ئاغاخان) لەم هەڵوێستە بەرزەی ئێوە ئاگادارەو بۆ هەموو یارمەتیدانێکی ئێوەش ئامادەیە، ئێمە لە کوردستان شایەتی ڕاستین و لە نزیکەوە ئاگامان لە مەسەلەکەتانە". [٧١]

نوسەرانی ڕانیە لە ڕۆژانی مانگرتنەکەدا بڵاوکراوەیەکیان بەناوی (مانگرتن)ەوە چاپ دەکرد و هەواڵ و بابەتی تایبەت بە مانگرتن و خۆپیشاندانەکانیان تیادا بڵاودەکردەوە. [٧٢]

ڕۆژی ١٢/١٤ دووای هەشت ڕۆژ، مانگرتووانی پشدەر و بیتوێن لە ڕانیە لە مەراسیمێکی فراواندا لەبەردەم بارەگای (un) بە ئامادەبوونی جەماوەرێکی زۆر، کۆتاییان بە مانگرتنەکەیان هێنا، لەلایەن (ڕەسول مامەند) سکرتێری حزبی سۆسیالیستی کوردستانەوە وتاری بەرەی کوردستانی خوێندرایەوەو سوپاسی مانگرتووانی کرد و باسی لەدەسکەوتەکانی ئەم پرۆسەیە کرد. دوای خوێندنەوەی وتاری لایەنە سیاسیەکان و چەند چالاکیەکی هونەری، مانگرتووان بۆ نەخۆشخانە بەڕێ کران. [٧٣]

## مانگرتن و خۆپیشاندانەکان لە شارەکانی تری کوردستان:

لەچەند شارێکی تریش مانگرتن و خۆپیشاندان دەستی پێکرد، لە قەزای سۆران ڕۆژی ١٢/٧ (٣٣) گەنج دەستیان بە مانگرتن کرد و جەماوەری شارەکەش بۆ پشتگیری دەستیان بە خۆپیشاندان کرد، هەمان کات (مستەر ئوتو) لێپرسراوی نوسینگەی (un) بۆ مانگرتووان و خۆپیشاندەران دوواو وتی:" خۆشحالم بەهەستی پڕ لە سۆزی گەلەکەتان". [٧٤]

بەهەمان شێوە ڕۆژی ١٢/٧ جەماوەری کەلار چوونە بەردەم بارەگای (un) و دەیان کەس مانگرتنیان ڕاگەیاند. [٧٥] هەروەها ڕۆژی ١٩٩١/١٢/١٠ جەماوەری ئامێدی و دهۆك خۆپیشاندانێکی گەورەیان ڕێکخست و لەوێش کۆمەڵێك کەس مانگرتنیان لە خواردن ڕاگەیاند. ئەم مانگرتنانەش بەردەوام بوون تا ڕۆژی ١٢/١٤ لەگەڵ شوێنەکانی تر کۆتاییان پێ هات [٧٦]

---

[٧٠] مانگرتن، ڕۆژنامەیەکی تایبەتە بە مانگرتن لە ڕانیە، ژمارە (٣)، ١٩٩١/١٢/١٢.

[٧١] ڕێبازی نوێ، ژمارە (٦)، کۆتایی کانونی یەکەمی ١٩٩١.

[٧٢] (مانگرتن) ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە بوو، کۆمیتەی ڕانیەی سەر بە لقی سلێمانی یەکێتی نوسەرانی کورد، لە ڕۆژانی مانگرتن و خۆپیشاندانەکاندا بڵاویان دەکردەوە، دەستەی نوسەرانی بریتی بوون لە: نیازی حەمە عەزیز، ئیسماعیل ڕاجی، عومەر مەرگەیی، خدر گولانی، شێخ جەواد، مامۆستا سەعید، سەربەست جیهاد، هەمزە گولانی و هەورامان). ئەم ڕۆژنامەیە (٥) ژمارەی لێ بڵاو کرایەوە. (هێرش ڕەسوڵ: سەرچاوەی پێشوو، ل١٠-١١.)

[٧٣] مانگرتن، ڕۆژنامەیەکی تایبەتە بە مانگرتن لە ڕانیە، ژمارەی (سەرکەوتن)، ١٩٩١/١٢/١٤.

[٧٤] مانگرتن، پاشکۆی ڕۆژنامەی ڕاپەڕین، ژمارە (٦)، ١٩٩١/١٢/١٣

[٧٥] ڕێبازی نوێ، ژمارە (٦)، کۆتایی کانونی یەکەمی ١٩٩١.

[٧٦] هەمان سەرچاوە.

### مانگرتن و خۆپیشاندانەکان لە دەرەوەی وڵات:

پشتیوانی بۆ مانگرتووەکانی شارەکانی کوردستان هەر لە ناوەوەی وڵات نەبوو، بەڵکو دەرەوەی وڵاتیشی گرتەوە، رۆژی ١٢/١٢ لێپرسراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ خۆپیشاندەرە کوردە ئاوارەکانی ئیران لە شاری سنە دوواو وتی: "جاران وام دەزانی لەپێناوی هەندەران لە ئۆردوگاکاندا ماونەتەوە، بەڵام ئێستا بۆم روون بووەوە کە ئێوەش رۆڵێکی کاریگەرتان هەیە بۆ میللەتەکەتان".[٧٧]

### پشتگیری مانگرتوان لەلایەن کوردانی پارچەکانی تری کوردستانەوە

مانگرتنەکان لەلایەن کوردانی پارچەکانی تری کوردستانیشەوە پشتگیری کران، بۆ ئەم مەبەستە رۆژی ١٩٩١/١٢/١١ (١٠) کوردی باکوری کوردستان لە کاتژمێر (٥)ی ئێوارە گەیشتنە هەولێر بۆ پشتگیری کردن لە مانگرتووان، دواتر سەردانی مانگرتوانی سلێمانی و ناوچەی سۆران و زاخۆشان کردو پشتگیری خۆیان دەربڕی.[٧٨] بۆ هەمان مەبەست و لەهەمان رۆژدا (١٩٩١/١٢/١١) ژنێك بە ناوی (خاتو هیام) لە شاری قامیشلۆ لە رۆژئاوای کوردستانەوە بۆ پشتگیری مانگرتووان گەیشتە هەولێر و چوار چەپکە گوڵی وەك سیمبولی پشتگیریی کوردانی هەرچوار پارچەی کوردستان پێشکەش بە مانگرتووان کرد.[٧٩] هەروەها لە رۆژهەڵاتی کوردستانیشەوە دوو کورد بە ناوەکانی (عەبدوڵڵا محمد رسول) لە (سەردەشت)ەوەو (سیروان میرزا فەرەج) لە (سنە)وە بە بڕیاردانیان لەسەر مانگرتن بڕیاری پاڵپشتی مانگرتوانیان دا.[٨٠]

### مانگرتنەکە لە هەڵوێستی حزبە سیاسیەکان و بەرەی کوردستانیدا:

لە گرنگترین داواکارییەکانی مانگرتووەکان:

یەکەم: فراوانکردنی هێڵی (٣٦) بۆ هێڵی (٣٤)، بۆئەوەی ناوچەی پارێزراو سەرجەم شار و شارۆچکەکانی کوردستان بگرێتەوە، کەبەپێی هێڵی (٣٦) بەشێکی زۆری کوردستان بەرسنوری ناوچەی پارێزراو نەدەکەوت.

دووەم: لابردنی ئابلۆقەی ئابووری لەسەر خەڵکی کوردستان. لەلایەك لەلایەن نەتەوە یەکگرتوەکانەوە بەسەر عێراق دا سەپێنرا بوو لەلایەکی دی حکومەتی عێراق گەمارۆی ئابووری بەسەر کوردستان دا سەپاند بوو، بەمەش باری ئابووری خەڵك زۆر بەرەو خراپی دەڕۆیشت، بەتایبەتی لەوەرزی زستاندا بارودۆخی خەڵکی شێواند بووو سوتەمەنی دەستنەدەکەوت.

سێیەم: نەمانی دیکاتۆریەت و هێنانەکایەی دیموکراسیەت و گەڕاندنەوەی ئاوارەکانی سەرسنورەکان کەلەناوچەیەکی زۆر سەخت دا دەژیان.

---

[٧٧] هەمان سەرچاوە.

[٧٨] مانگرتن، پاشکۆی راپەڕین، ژمارە (٥) لە ١٩٩١/١٢/١٢؛ سەربەخۆیی، ژمارە (١٠)، کانونی یەکەمی ١٩٩١؛ رێبازی نوێ، ژمارە (٦)، کۆتایی کانونی یەکەمی ١٩٩١.

[٧٩] رێبازی نوێ، ژمارە (٦)، کۆتایی کانونی یەکەمی ١٩٩١" مانگرتن، پاشکۆی راپەڕین، ژمارە (٥) لە ١٩٩١/١٢/١٢؛ سەربەخۆیی، ژمارە (١٠)، کانونی یەکەمی ١٩٩١.

[٨٠] سەربەخۆیی، ژمارە (١٠)، کانونی یەکەمی ١٩٩١؛ رێبازی نوێ، ژمارە (٦)، کۆتایی کانونی یەکەمی ١٩٩١.

چوارەم: ئازادکردنی ئەو زیندانە سیاسیانەی کەلەلایەن حوکمەتی عێراقەوە گیرا بوون بەهۆکاری جیاجیا ، ریشەکێش کردنی دیاردە دزێوەکانی وەك تاڵانی وتاوان.

دووای ئەوەی مانگرتنەکە جەماوەری کوردستانی خرۆشاند، سەرجەم شارو شارۆچکەکانی کوردستانی گرتەوە، پارت و لایەنە سیاسیەکان و رێکخراوە پیشەییەکان پشتگیری خۆیان بۆ دەربڕی، ئەگەر هەڵوێستی ئەو رۆژگارەی لایەنە سیاسیەکان هەڵسەنگێنین و چاوێك بە بڵاوکراوەو راگەیاندنەکانیاندا بخشێنین، زۆربەی زۆری لایەنە سیاسیەکان، (یەکێتی نیشتمانی کوردستان، حزبی شیوعی عیراق، حزبی سۆسیالیستی کوردستان، پاسۆك، پارتی گەل، حزبی زەحمەتکێشان، ئاڵای شۆڕش، پارتی ئازادی کوردستان، رێکخراوی کاوە) پشتگیریان کرد، تەنها (پارتی دیموکراتی کوردستان) [٨١] و (بزوتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عیراق) [٨٢] هەڵوێستیان لەپشتگیری مانگرتن و خۆپیشاندانەکانیان وەك پێویست نەبوو. سەبارەت بە هەڵوێستی (پدك) بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە چونکە ئەو رۆژگارە هیچ کام لە لایەنە سیاسیەکان باوەڕیان بەوە نەمابوو کە پرۆسەی دانوستاندن و گفتوگۆ لەگەڵ بەغدا هیچی لێ شین ببێت و بگاتە ئەنجام، بەڵام (پدك) هێشتا باوەڕی بەوە مابوو و رۆژی پێش دەستپێکردنی مانگرتنەکە (١٢/٤) مەسعود بارزانی لە بەغدا گەڕابۆوە،[٨٣] هەر لەبەر ئەوەش پێی باش نەبوو کە ئەو دروشم و داواکارییانە دژ بە بەغدا بەرز کرابوونەوەو ئەو مانگرتن و رێپێوانە بەرفراوانانە ئەنجام دەدران، هەر بۆیە ئەگەر سەیرێکی رۆژنامەو بڵاوکراوەکانی ئەو رۆژگارەی (پدك) بکەین هەڵوێستێکی ئەوتۆی ئەو حزبەمان بەرچاو ناکەوێت کە پشتگیری کردبێت. ئەمەش یەکێك لە هۆکارەکانی ساغ نەبوونەوەی بەرەی کوردستانی بوو کە ناکۆکی لەنێوان لایەنەکاندا هەبوو و تا کۆتایی مانگرتنەکەش بەرەی کوردستانی بە تێکڕای دەنگ نەیتوانی هەڵوێستێکی یەکگرتوو رابگەیەنێت، و هەتا دووا رۆژی مانگرتن و خۆپیشاندانەکەش نەیانتوانی هەڵوێستێکی بەرەیی دەربڕن. تەنانەت مقۆ مقۆی ناکۆکیش لەناو لایەنەکانی بەرەدا لەسەر رووداوەکە کەوتە ناو خەڵکیش.[٨٤]

---

(٨١) پارتی دیموکراتی کوردستان تەنها یەك بەیاننامەی بەناوی لقی (٤)ی سلێمانیەوە لە ١٩٩٢/١٢/١٠ بلاو کردەوەو هیچ پشتگیرییەکی تریان نابینرێت نە لەپێش و نە لە دوای ئەو مێژووەو نە لە شارەکانی تری کوردستان.

(٨٢) بزوتنەوەی ئیسلامی تەنها بەیانێکیان بە زمانی عەرەبی بڵاو کردەوە کە مێژووی بڵاو کردنەوەکەشی بەسەرەوە نیە، جگە لەمە هیچ هەڵوێستێکی فەرمیی تریان نابینرێت، نەك هەر ئەمە بەڵکو چەند ئەندامێکیشیان لە ریزی مانگرتنەکانی هەولێردا بوون و فشاریان خستە سەریان و وایان لێکردن واز لە مانگرتنەکە بێنن بە بیانووی ئەوەی مانگرتن واتە بەڕۆژوو بوون و رۆژوش تەنها بۆ خوا ئەگیرێت و ئەوەی روودەدات بە ناوی مانگرتنەوە حەرامە.

(٨٣) لە رۆژنامەی بەرەی کوردستانیدا هاتووە کە: رۆژی پێنج شەمە رێکەوتی ١٩٩١/١١/٢٨ هەڤاڵی تێکۆشەر مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان سەردانێکی تایبەتی و فەرمیی بەغدای کرد، لەو سەردانەدا بەرێز چاوی بەباڵاترین کاربەدەستی دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی کەوت و رۆژی چوارشەممە ١٩٩١/١٢/٤ بەرەو بارەگای هەمیشەیی لە کوردستان گەڕایەوە. (بەرەی کوردستانی، ژمارە (٤)، خولی دووەم، ساڵی چوارەم، کانونی یەکەمی ١٩٩١).

(٨٤) ئاڵای شۆڕش، ژمارە (١١-١٢)، کانونی یەکەمی ١٩٩١، کانونی دووەمی ١٩٩٢. دەستەی کارگێڕی بەرەی کوردستانی لە شاری هەولێر دوای تەواو بوونی مانگرتنەکە وەك رێزلێنانێك لە مانگرتوان، پێناسێکیان بۆ هەر یەك لە مانگرتووەکان دروستکرد کە مۆری بەرەی کوردستانی و ئیمزای (کۆسرەت رەسول)ی بەسەرەوە بوو و لێی نوسرابوو: بەڵگەنامەی سەربەرزی بەشدار بوون لە مانگرتن لە خواردن دا کانونی یەکەمی ١٩٩١.

ئەوەتا لە نوسینێکدا کە لە رۆژنامەی (مانگرتن)ی هەولێردا بڵاو کراوەتەوە گلەیی لە بەرەی کوردستانی دەکات کە ماوەی شەش رۆژە مانگرتنەکان دەستی پێکردووە، بەڵام بەرەی کوردستانی هیچ هەڵوێستێکی دەرنەبڕیوەو وەك سەرکردایەتی بەرە هیچ پشتگیرییەکی نەکردووەو هیچ بەیانێکی بڵاو نەکردۆتەوە.[٨٥]

مانگرتووەکان چەند بروسکەو نامەیەکیان بۆ هەریەك لە (مام جەلال) و (مەسعود بارزانی) نارد و داوای ئەوەیان دەکرد کە دەنگیان بە دەرەوە بگەیەنن، مام جەلال بەچەند نامەیەك وەڵامی دانەوە، بەڵام هیچ وەڵامێك لە مەسعود بارزانیەوە نەبیسترا.[٨٦] جگە لەوەی رووی داواکارییەکانی مانگرتووان لە نەتەوە یەکگرتوەکان و دژ بە حکومەتی عیراق بوو، روو بەڕوو بوونەوەیەکی راستەوخۆ لەگەڵ خواستەکانی خەڵکدا بۆ (بەرە)ش هاتە ئارا، دەرکەوت کە خواستی مانگر و خۆپیشاندەران لەناو کوردستاندا رووەو ئاراستەی سیاسەتی بەرەو چۆنیەتی حوکمەکانیانە.[٨٧] هەر بۆیەشە مانگرتووەکان دووای شکاندنی مانگرتنەکانیشیان وازیان نەهێنا، ئەوەتا لە یاداشتێکدا بەناوی (نوێنەرانی مانگرتووانی کوردستان)ەوە لە ١٩٩١/١٢/٣٠ ئاراستەی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانیان کردووە، (١٠)خاڵیان خستۆتە روو وەك داواکاری لە بەرەی کوردستانی، کە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە داوا لە بەرە دەکەن:" لەشکرەکانیان یەك بخەن و یەك هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەبێت، کۆبوونەوەکانی بەرە شەفافانە بە تەلەفزیۆن بۆ خەڵك بڵاو بکرێنەوە، موچە بۆ پێشمەرگەو کەسوکاری شەهید ببڕێتەوە، نابێت بەعس بگەڕێتەوە کوردستان، داوای پەلەکردن لە هەڵبژاردنی پەرلەمان و دادگایی دزو جەردەکان و چەند داواکارییەکی تریش" خرایە روو،[٨٨] ئەم خواست و داواکاریانە دەریخست کەجەماوەری خەڵکی کوردستان بەوجۆرە حوکمەی بەرەی کوردستانی ڕازی نەبوون، کەبێ هەڵبژاردن و دوور لەدیموکراسی لەسایەی شەرعیەتی شۆڕشگێڕانەو میلیشیاوە دروست بوو بوو، بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو نائارامی و قەیرانە زۆرانەی لەهەرێمی ئازادکراوی باشووری کوردستاندا دەبینرا، بەرەی کوردستانی لەلایەن دەوڵەتە بڕیار بەدەست و زلهێزەکان باشتر لەجاران پێشوازیان لێ دەکرا و بانگێشت دەکران بۆ چاوپێکەوتن.

گەر بێت و بمانەوێ بابەتیانە هۆی کۆتایی هێنانی مانگرتنەکە لێك بدەینەوە، دەبێ بڵێین:

---

[٨٥] لە وتارێکدا بە ناونیشانی (لە پێناوی بە ئامانج گەیاندنی مانگرتنەکان)دا نامەیەك ئاراستەی سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی کراوەو تیایدا هاتووە کە: ئەمڕۆ شەش رۆژە تۆفانی خۆپیشاندان و مانگرتنی خەڵکی کوردستان رقی پیرۆزی گەلەکەمانی دژ بە ژێر دەستەیی و دکتاتۆریەت و برسیەتی گەیاندۆتە لوتکە و لە هەموو رێپێوانەکانیشدا یەکێك لە دروشمە هەرە زاڵەکان ئەوەیە کە دەڵێ: (بەرەی کوردستانی... ئاواتی هەموومانی)، کەچی بەداخەوە تا ئێستا نە سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی و نە کارگێڕیش و نە راگەیاندنی بەیانێکیشیان لەم بارەیەوە دەرنەکردووە، بۆیە ئەم خالانەی خوارەوە دەخەینە بەردەم سەرکردایەتی سیاسی بەرێزی بەرە: یەکەم: ئەم رێپێوان و مانگرتنانە هەلومەرجێکی جەماوەری تازەی خولقاندووە و دەبێ بە خێرایی دراسە بکرێت و لەئاستی کوردستان و عیراق و دنیاشدا کەلکی لێ ببینرێ. دووەم: پەیوەندییە دەرەوەییەکانی بەرەی کوردستانی و هەموو لایەنەکانی بەپێی یەك بەرنامەی دارێژراو و بەخێرایی بکەونە خۆیان و لەڕێی دۆستانی گەلی کوردستان و ئاژانسەکانەوە مەسەلەکە وا گەورە بکەن کە لە قازانجی ئەمرۆی خەباتمان دابێت. سێیەم: کارگێڕی بەرەی کوردستانی رۆژانە راگەیاندراوی هەبێ و مەسەلە پەیوەندیدارەکان بە رێپێوان و مانگرتنەکان بۆ جەماوەر و رای گشتی دنیا روون بکەنەوە. هەموو ئەمانەش بەندن بەوەی کە سەرکردایەتی سیاسی بەرە بە خێرایی کۆبوونەوەیەکی نائاسایی ببەستێ و ئەگەر درەنگ نەبێ زووش نیە. (مانگرتن، پاشکۆی رۆژنامەی راپەڕین، ژمارە (٢)، ١٩٩١/١٢/٩).

[٨٦] مانگرتن، پاشکۆی رۆژنامەی راپەڕین، ژمارە (٢)، ١٩٩١/١٢/٩. .

[٨٧] ئاڵای شۆڕش، ژمارە (١١-١٢)، کانونی یەکەمی ١٩٩١، کانونی دووەمی ١٩٩٢.

[٨٨] یاداشتی نوێنەرانی مانگرتووانی کوردستان بۆ سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی لە ١٩٩١/١٢/٣٠.

مانگرتن و خۆپیشاندانەکان، لە رووی مەعنەوی چەسپاندنی شێوەی نوێی خەباتەوە، سەرکەوتنی سیاسی کاریگەری هێنایە دی، بوون بە مایەی ئەوەی لەناو خەڵکدا، پشت بەستن بە خەڵك بەو شێوە خەباتە ببێتە قەناعەتێکی دڵخۆشکەر، چونکە دووای ئەوە هەموو لایەك و خەڵکیش تێگەیشتن کە: خەباتی چەکداری لە پاشەکشەدایەو خەڵك ئومێدیان بە شەڕ نەمابوو. دووای تێکشکانی راپەڕین، رێڕەوی راپەڕین بە شێوەی جۆراوجۆر درێژەی هەبوو. جەماوەر لەژێر هەژموونی خەباتی کۆن هەتا سەر خواستە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانیان پشتگوێ ناخەن. جەماوەر کە ناڕەزایی گەیشتە تینی، مەرج نیە چاوەڕێی بڕیاری هێزە زاڵەکان بکات. (٨٩)

دەکرا مانگرتنەکان زیاتر درێژە بکێشن و دەسکەوتی زیاتریشیان هەبووایە، هەرچەندە مانگرەکان سور بوون لەسەر مانگرتنەکانیان، دەشیانتوانی درێژەی پێبدەن، بەڵام فشار خرایە سەریان، یان هەوڵدراوە بە هەر شێوەیەك بێت مانگرتنەکانیان پێ بشکێنن، هۆی ئەم مانگرتن پێشکاندنەشیان سێ راستیە، دووانیان پەیوەندی بە مانگرەکانەوە نیە و یەکێکیان بەرۆکی مانگرەکان دەگرێ، کە ئەمانەن:

یەکەم: بەرەی کوردستانی لەناو خۆیا هاوهەڵوێست نەبوو لەسەر مانگرتن و خۆپیشاندانەکان.

دووەم: مانگرتن و خۆپیشاندانەکان لە چوارچێوەی سیاسەتی بەرە، یان لایەکی بەرە ترازان و خواست و ناڕەزاییەکە دژی بەرەش زۆرتر پەرەی دەسەند و ئەمەش مەترسی خستە سەر بەرە.

سێیەم: مانگرەکان، بەرنامەی لێبڕاوی خواستە دیموکراسیەکانیان دانەڕشتبوو، سوریش نەبوون لەسەر بەدی هێنانی بڕیارەکانی خۆشیان، بەڵکو هەندێ جار قسەی پێچەوانەی بێلایەنی و سەربەخۆیی مانگرتنەکەش کراوەو بە نەرێنیش بۆیان گەڕاوەتەوە. (٩٠)

سەبارەت بەمە، (مەلا بەختیار) پێی وایە کە:"گرنگترین گەوهەری قۆناغەکە، پەرەسەندنی گیان و گوڕی دیموکراسیەتە، چەسپاندنی ئازادی بێ قەید و شەرتە. هەر لایەکی سیاسی، چەند خاوەنی هێز بێت و چەند خۆی بە زاڵ بزانێ گەر بێتو لەم گەوهەرە دیموکراسیە تێنەگاو خزمەت نەکا... پوکانەوەو نابود بوون چاوەڕوانێتی". (٩١) هەر بۆیەشە کاتێك (مەلا بەختیار) سەردانی مانگرتووانی شاری هەولێری کرد و ویستی لە (رادیۆی دەنگی مانگرتووان)ەوە وتارێك پێشکەشی جەماوەر و مانگرتووان بکاتو پشتگیری خۆی دەربڕێت، لەلایەن بەرپرسێکی یەکێتیەوە رێگری لێکراو رێگەی پێنەدرا وتارەکە پێشکەش بکات، ناوبراو لە کتێبێکدا بەم جۆرە باس لەو هەڵوێستە دەکات و دەنوسێت: "ئای کە مایەی سەرسوڕمان نیە، کەسانی تێنەگەیشتوو لە دیموکراسیەت، لەپاڵ مانگرتووە خۆڕاگرەکاندا لەپێناوی دیموکراسیەت، بچوکترین رێز لە هەست و هەڵوێستی مانگرتووەکان و خۆپیشاندەران نەگرن و بەناوی ئەوانیشەوە... دژایەتی دیموکراسیەت بکەن!!". (٩٢)

کاتێك دەڵێین مانگرتنەکە لەلایەن بەرەوە شکێنراو و لایەنەکانی بەرەش ناکۆك بوون لەنێو خۆیاندا، ئەوەتا لە بەیاننامەیەکدا کە (مام جەلال) لە ١٩٩١/١٢/١٣ ئاراستەی مانگرتووەکانی کردووە ئەو راستیە رۆشن دەردەکەوێت، تیایدا هاتبوو:" ئەی دلێرە مانگرتووەکان، لەکاتێکدا هاوکاری تەواوی خۆم و (ی.ن.ك)تان پێ رادەگەیەنم، بە پێویستی ئەزانم کە داواتان لێ بکەم، کە تکاتان لێ بکەم بۆ ئەوەی گوێ رایەڵی بەرەی کوردستانی عیراق بن کە

(٨٩) ئاڵای شۆڕش، ژمارە (١١-١٢)، کانونی یەکەمی ١٩٩١، کانونی دووەمی ١٩٩٢.

(٩٠) ئاڵای شۆڕش، ژمارە (١١-١٢)، کانونی یەکەمی ١٩٩١، کانونی دووەمی ١٩٩٢.

(٩١) مەلا بەختیار: حوکمی بەرەی کوردستانی یان دەسەڵاتی دیموکراسی؟ لە بلاوکراوەکانی ئاڵای شۆڕش، ١٩٩١، ل٢١.

(٩٢) هەمان سەرچاوە، ل٢١.

سبەینێ پێتان ڕائەگەیەنرێ، (بەر لە هەموو شتێك بۆ پاراستن و چەسپاندنی بەرەی کوردستانی و ئینجا یەکێتی ریزەکانی گەلی کوردستان) بەتایبەتی کەوا مانگرتنەکەتان لە دنیادا دەنگی داوەتەوەو دەنگی زولالتان لە دنیادا خوێندرایەوەو ئەو ئەنجامانەی تریشمان دەستکەوت:

١-هاوپەیمانان بڕیاریانداوە کە هێزی چەکوشی ئامادە لە تورکیا بهێڵنەوەو ئێمەشیان بە رەسمی ئاگادار کردەوە کە ئامادەیە بۆ سەرپان کردنەوەی هەموو دەست درێژییەکی هێزی عیراق بۆ سەر کوردستان و شارە رزگارکراوەکان.

٢-حکومەتی تورکیا رازی بووە بە هێشتنەوەی هاوپەیمانان لەسەر خاکی خۆی هەروەك سەرەك وەزیرانی تورکیا (سلێمان دیمریل) رای گەیاند کە هەر جۆرە دەست درێژییەکی عیراق بۆ سەر گەلی کوردستانی عیراق هێرشە بۆسەر تورکیا و تورکیاش پێی قبولٚ ناکرێ.

٣-دوێنێ (ئەمیر صدرالدین ئاغاخان) بە تەلەفۆن قسەی لەگەلٚ کردم و پێی راگەیاندم کە خۆی بەدوای جێبەجێ کردنی داوا رەواکانی کوردستانەوەیە بە گەڕانەوەی هەموو ئاوارەکانی کەرکوکیشەوە، وە جێبەجێ کردنی بڕیاری ٦٨٨ی نەتەوە یەکگرتووەکان و دابینکردنی ئازوخەو خواردەمەنی لە پارەی عیراق لە بانکەکانی دونیا بۆ گەلەکەمان". (٩٣)

سەرەنجام بەم شێوەیە، لە رۆژی ١٩٩١/١٢/١٤ لەسەر داوای بەرەی کوردستانی کۆتایی بە مانگرتن و خۆپیشاندانەکان هێنرا.

## وانەکانی مانگرتنەکە

یەکەم: رژێمی بەعس دووای هەولٚ و کۆششی زۆر و بەفیڕۆدانی توانایەکی زۆری ماددی و سەربازی و میدیایی، لەماوەی بیست و سێ ساڵدا، کەمەبەستی راونان و لەناوبردنی گەلی کورد بوو، بێ هودە دەرچوو، چونکە دەرکەوت کە سیاسەتی رەگەزپەرستانەی رژێم لەگەلٚ کورد، ریزەکانی گەلی کوردی سفت تر و رقی ئەستورتر کردووە.

دووەم: یەکێ لە پەندەکان ئەوەیە کە گەلی کوردستان، گەلێکی وشیارەو بەهونەرەکانی خەبات شارەزایەو بە چارەسەری نیوەناچلٚ و فریودەرانە هەلٚناخەلەتێ و یەکگرتووانە لەپێناوی ئامانجە مرۆیی و سیاسیە راگەیەنراوەکانیدا سەنگەرەکانی خەبات بۆ پێشەوە و پێشەوەتر دەگوازێتەوە تا دەگاتە سەرکەوتن. (٩٤)

سێیەم: مانگرتنەکان و رەوشی ئەو (١٠) رۆژەی کوردستان و هەستی جەماوەر، ئەو راستیەیان بەرجەستە تر کرد کە لە کۆڕەوەکەی ساڵی ١٩٩١دا کەوتەوە، ئەویش ئەوەبوو کە: گەلی کوردستان ئەم رژێمە دکتاتۆرەیان ناوێ و داواکاری دامەزراندنی رژێمێکی دیموکراسین.

چوارەم: خەباتی ئەو چەند رۆژەی مانگرتن سەلماندی کە: جەماوەر بەسەلیقەیەو کە زۆری بۆ هات دەزانێ چۆن تەعبیر لە ئازارەکانی بکا، بە هۆشیاری و سەلیقەی خۆی پەی بە شێوەی گونجاوی خەبات ئەبات، بۆ جیهانیشی سەلماند کە کورد گەلێکی ئاشتیخوازەو خوازیاری ئەوەیە بە شێوازی ئاشتیانە کێشەکانی چارەسەر بکرێن. (٩٥)

---

(٩٣) بەیاننامەی (مام جەلال) کە ئاراستەی مانگرتن و خۆپیشاندانەکانی شار و شارۆچکەکانی کوردستانی کرد لە ١٩٩١/١٢/١٣.

(٩٤) مانگرتن، پاشکۆی رۆژنامەی راپەڕین، ژمارە (٢)، ١٩٩١/١٢/٩

(٩٥) رێبازی نوێ، ژمارە (٦)، کۆتایی کانونی یەکەمی ١٩٩١" کامەران سعید عبدالله کوردە: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٨-٤٩.

پێنجەم: خەباتی مانگرتن خەباتێکی بێ وەی و بێ خوێن و کورت خایەن و کاریگەرەو زوو ئەنجام بەدەستەوە دەدا، جەماوەر دەتوانێ کەڵك لەم تاقیکردنەوەیە وەرگرێ و لەکاتی پێویستدا پیادەی بکا، با بۆ راستکردنەوەی هەڵەو کەم و کورتیەکانی بەرەی کوردستانیش بێ. [٩٦]

شەشەم: خەباتی مانگرتن گورزێکی کاریگەری سرەواندە دوو تاقمی زەرەر مەندی ناو بزوتنەوەی رزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد، توندڕەوەکان: ئەوانەی پێیان وابوو لەم چەرخەشدا، کە شەپۆلی دیموکراسی سەرتاسەری دنیای داگرتووە، هێشتا ئەبێ خەباتی سەرەکی هەر شێوە خەباتی چەکداری بێ و بە خوێن ناکۆکیەکان لەگەڵ دوژمنان چارەسەر بکرێن. تاقمی دووەمیش: ئەوانەی کە ورەیان بەردابوو هیچ بڕوایەکیان بە جەماوەر نەمابوو. [٩٧]

حەوتەم: خەباتی مانگرتن هێندە کاریگەر بوو، جەماوەری هەرچوار پارچەی کوردستانی بە هەموو شێوەی قسەو رەفتارو بیرو بۆچوونی جیاجیاوە یەکخست. [٩٨]

هەشتەم: هاوخەباتی و هاوچارەنوسی کورد و کەمینەکانی کوردستانی زاخاو دایەوە، برا مەسیحی و تورکمانەکان، لەو شوێنانەی دەسەڵاتی دکتاتۆریان تیا نەمابوو، بە دروشم و پێشکەش کردنی یاداشت بە کۆمیساریای کاروباری پەنابەران و خۆپیشاندان و بروسکەی پشتگیری پشتیوانیان لە مانگرتووانی کوردستان. وەك مەسیحیەکانی شەقلاوەو عەنکاوە بروسکەیەکیان بۆ (پاپا پۆلصی دووەم) نارد کە تیایدا پشتیوانی خۆیان بۆ مانگرتووانی کوردستان دەربڕی و رایانگەیاند کە رژێمی بەغدا بە زۆری زۆردارەکی سەدان هەزار کورد و مەسیحی لەماڵ و حاڵی خۆیان ئاوارەو دەربەدەرکردووەو بێ بەزەییانە دەست لەکەس ناپارێزێ. هەروەها بەشداری کاریگەریان لە خۆپیشاندانەکان و دروشم و لافیتەکانیان پشتیوانی بوو لە ئامانج و داوا رەواکانی خەڵکی کوردستان. هەروەها تورکمانەکانی کفری و دوزیش پشتیوانی مانگرتووەکان و بەشداری خۆپیشاندانەکانیان کرد. [٩٩]

نۆیەم: مانگرتن بووە هۆی داهێنانی رێکخستنێکی نوێ لەهەر کاتێکدا ویستی لەسەر یەك هێڵی بڕیاردان لەسەنگەری ئەم شێوە خەباتەدا کۆیان بکاتەوە، کە بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە لەهەر دەرفەتێکدا بیەوێت ئەنجامی بدات. [١٠٠]

دەیەم: خەباتی مانگرتن بووە هۆی زیندوو کردنەوەی گیانی راپەڕین لەناو وزەو توانای جەماوەردا کە ماوەی دە مانگی گفتوگۆکردن سارد بووبوونەوە لە رێڕەوی شۆڕشگێڕانەیان. [١٠١]

یانزەهەم: ئەم چەند رۆژەی خەباتی مانگرتن سەلماندی کە دانیشتوانی کوردستان بۆ رابەرایەتی کردنی خەبات و راپەراندنی ئەرکەکانی قۆناغەکە، پێویستیان بە ئۆرگانێکی لە بەرەی کوردستانی کاریگەرتر و فراوانتر هەیە، وەك ئەنجومەنێکی نیشتمانی کوردستان (پەرلەمان) کە جەماوەر ئەتوانێ رۆڵی گرنگی تیا ببینێ. لەناویا کاریگەرانە رێگە لە کایەکردن بە چارەنوسی خۆی و تاکتیك و ستراتیژەکانی ئەم قۆناغە بگرێ. [١٠٢]

---

[٩٦] رێبازی نوێ، ژمارە (٦)، کۆتایی کانونی یەکەمی ١٩٩١.

[٩٧] کامەران سعید عبدالله کوردە: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٨-٤٩" رێبازی نوێ، ژمارە (٦)، کۆتایی کانونی یەکەمی ١٩٩١.

[٩٨] هەمان سەرچاوە، ل٤٨-٤٩.

[٩٩] رێبازی نوێ، ژمارە (٦)، کۆتایی کانونی یەکەمی ١٩٩١.

[١٠٠] کامەران سعید عبدالله کوردە: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٨-٤٩.

[١٠١] رێبازی نوێ، ژمارە (٦)، کۆتایی کانونی یەکەمی ١٩٩١؛ کامەران سعید عبدالله کوردە: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٨-٤٩.

[١٠٢] رێبازی نوێ، ژمارە (٦)، کۆتایی کانونی یەکەمی ١٩٩١.

## بەرهەم و دەستکەوتەکانی مانگرتنەکە

١-هێنانەوە جۆش و خرۆشی جەماوەر لە رووبەڕووبوونەوەی دوژمناندا و لە رەگەوە هەڵکێشانی پیلانی دوژمنان سەبارەت بە گەورەکردنی هەستی ناوچەگەرێتی لەناو ریزەکانی گەلی کوردستانداو تاودانەوەی خەبات و داهێنانی شێوەیەکی تری خەبات بۆ دەربڕینی داواکانی گەلی کورد و جەماوەری کوردستان.

٢-راکێشانەوەی سەرنجی کۆمەڵی نێودەوڵەتی و دەسەڵاتی چوارەم لە دنیادا، کە رۆژنامەو دەزگاکانی راگەیاندنە بۆ لای مەسەلە رەواکەی گەلی کورد، کە ماوەیەك بوو بەهۆی کۆنگرەی ئاشتی مەدرید و کێشەی فەلەستین و یوغسلافیا و هەڵوەشانەوەی سۆڤیەت و روخاندنی دیواری هەردوو ئەلمانیا، ئەو گوڕو تاوەی نەمابوو.[١٠٣]

٣-کۆمەڵەی دەوڵەتان فشاریان خستە سەر حکومەتی عیراق بۆ ئازادکردنی زیندانیە سیاسیەکان. (ئەوە بوو لە ١٩٩١/١٢/٢٢ دەستکرا بە ئازادکردنی هەندێکیان).

٤-لە روانگەی دەوڵەتاندا و گەلانی دنیا کورد زیاتر بەوە ناسرا کە گیانی شارستانیەت و هاوچەرخی تێدایە، چ وەك خەباتو تێکۆشان چ وەك مانگرتن.[١٠٤]

٥-پەلەکردن لە ناردنی کۆمەك و پێویستیەکانی زستان بۆ ئاوارەکانی کوردستان.

٦-وەرگرتنی چەند بەڵێنێکی گەورەی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و چەند وڵاتێکی بە نفوزی دنیا و ناوچەکە، بۆ گێڕانەوەی ئاوارەکانی کەرکوك و تێکشکاندنی هەر هێرشێکی رژێمی دکتاتۆری بەغدا بۆ سەر کوردستان.[١٠٥]

٧- بۆ جیهان دەرکەوتەوە کە تا رژێمی بەعس بمێنێ کورد بەتایبەتیو خەڵکی عیراق بە گشتی، ناتوانن بێ ترس و بە ئارامی بژین.[١٠٦]

٨-زاخاو دانەوەی بەدبینی جیهان لەسەر دەسەڵاتی دکتاتۆریانەی بەعس و نەگونجانی لەگەڵ گیانی سەردەمدا.

٩-پتەو کردنی ریزەکانی گەلی کورد و جوڵاندنی هەست و سۆزی برایەتی و هاوخوێنی و هاوچارەنوسی لەناو هەموو کۆمەڵی کوردەواری.

١٠-بزواندنی گیانی تەحەدداو گەورەکردنی گیانی قوربانی دان لەناو دڵی لاوان بەتایبەتی و هەموو جەماوەری کوردستاندا بە گشتی.[١٠٧]

١١-ئەگەر پێشتر رژێم بە زۆر و فشار جەماوەری دژی بەرژەوەندییەکانی خۆی کۆدەکردەوە، ئەوا لەسەردەمی مانگرتنەکاندا خەڵك بە ئازادی و بۆ سودی خۆیان مانیان گرتبوو و کۆ ببونەوە.

١٢-جەماوەری کوردستان فێری ئەوە بوو کە چەکێکی تر بەکار بهێنێ لەپێناو بەدەستهێنانی مافە رەواکانی خۆیدا.

١٣-ئەم مانگرتنە سنوری دەستکردی شکاند بەوەی کوردی پارچەکانی تریش تێکەڵ بە مانگرتووەکان بوون.

---

[١٠٣] رێبازی نوێ، ژمارە (٦)، کۆتایی کانونی یەکەمی ١٩٩١.

[١٠٤] کامەران سعید عبدالله کوردە: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٨-٤٩.

[١٠٥] رێبازی نوێ، ژمارە (٦)، کۆتایی کانونی یەکەمی ١٩٩١.

[١٠٦] کامەران سعید عبدالله کوردە: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٨-٤٩" رێبازی نوێ، ژمارە (٦)، کۆتایی کانونی یەکەمی ١٩٩١.

[١٠٧] رێبازی نوێ، ژمارە (٦)، کۆتایی کانونی یەکەمی ١٩٩١" کامەران سعید عبدالله کوردە: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٨-٤٩.

١٤–ئەم شێوە خەباتە هێزی گەورەو بچوك، ژن و پیاو، تەندروست و نەخۆش و هەموو چین و توێژو باوەڕە جیاجیاکانی گەلی لەیەك هێزدا کۆکردەوە. (١٠٨)

## کەلێنەکانی مانگرتن و دیاردە نەرێنی یەکانی

هەندێ هەڵەو کەلێن و چەند دیاردەیەکی نەرێنی لە مانگرتنەکەدا بەدی دەکرا، دەتوانین بڵێین ئەوانەش بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە ئەم شێوازی خەباتە، یەکەم تاقیکردنەوەی خەباتی مانگرتن بووە لە کوردستاندا و پێشتر بە درێژایی خەباتی گەلی کورد و هی گەلانی ناوچەکەش پیادە نەکراوە، لەوانە:

١–کەلێنی گەورە، زۆری داواکارییەکان و تێکەڵاوییان بوو، لەناو داواکارییەکاندا، داواکاری مرۆیی و داواکاری سیاسی هەبوون، داواکارییە سیاسیەکانی لە بابەتی فراوانکردنی ناوچەی پارێزراو لە دەسەڵاتی کۆمیساریای کاروباری پەنابەراندا نەبوو، بۆیە باشتر وابوو هەڵبگیرایە بۆ خولێکی تری مانگرتن. داواکارییەکان هەم زۆر بوون، کە باشتر وابوو بەش بەش بکرابان، هەم خاڵی تەعجیزیشیان تیابوو، وەك خاڵی (٧) لە یاداشتەکەی مانگرتووانی سلێمانی. (١٠٩)

٢– سەرەڕای زۆری داواکارییەکانی مەڵبەندی مانگرتنی سلێمانی، کە لەوێوە پزیسکی مانگرتن سەرتاسەری کوردستانی گرتەوە، سەرەڕای زۆری و قورسی داواکارییەکانی ئەوان، لەهەندێ لە مەڵبەندەکانی تر، داواکاری زیاتر پێشکەش بە کۆمیساریای کاروباری پەنابەران کرا، وەك لە مەڵبەندی مانگرتنی هەولێر رویدا، ئەمەش باری مانگرتووانی قورستر کردو جۆرێکیش لە بێ سەروبەرەیی، شەپۆلی مانگرتنەکانی پیشاندا.

٣– لە دنیادا مانگرتن رێکاری خۆی هەیە، بە پێی یاسای جیهانیی مانگرتن، مانگر ئەتوانێ چا و قاوەی بێ شەکر و ئاو بخواتەوەو گوێ رایەڵی ئامۆژگاری پزیشکەکان بکا. بەڵام گیانی تەحەددا وای لە مانگرتووەکانی کوردستان کردبوو کە خەباتەکەیان بکەنە جۆرێك لە خۆکوژی. لە کاتێکدا رەچاوکردنی رێکارەکانی مانگرتن درێژەی بەتەمەنیان دەداو ئەگەری جێ بەجێ کردنی داواکانیشیان زیادی دەکرد. (١١٠)

٤–جەماوەر لەبەر دلگەرمی زۆر دڵ گەرمی بواری حەوانەوەی بە مانگرتوان نەئەدا، ئەمەش مانگرەکانی ماندوو دەکرد و بەرگەی کەم دەکردنەوە.

٥–دەم دورینەوەو خۆسوتاندن و خۆڕووت کردنەوە لە پلەی سەرمای بەستندا، کاتێ کە رۆژنامەنوسان کوردیان بەم شێوەیە دەبینی، شێوازێکی شارستانیانەی پیشان نەئەدا. (١١١)

٦–جەماوەر بەشێوەیەك دلگەرم بووبوون، هەندێکیان دەیانویست بەردبارانی بارەگاو نوێنەرانی (un) بکەن، کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا کارێکی نەرێنی راستەوخۆی دەکردە سەر رەوتی مانگرتن و لە بەهای کەم دەکردەوە. (١١٢) بەڵام ئەمە رێگەی پێنەدراو لەبەرامبەردا لەلایەن جەماوەرەوە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان گوڵباران کرا و تەنانەت حەوشەی نوسینگەکە پڕ بوو لە گوڵ . (١١٣)

---

(١٠٨) مانگرتن، پاشکۆی رۆژنامەی راپەڕین، تایبەت بە مانگرتنەکانی شاری هەولێر، ژمارە (٣)، ١٠/١٢/١٩٩١.

(١٠٩) رێبازی نوێ، ژمارە (٦)، کۆتایی کانونی یەکەمی ١٩٩١.

(١١٠) پەیامی نوێ، ژمارە (٣)، کانونی یەکەمی ١٩٩١.

(١١١) ئالای ئازادی، ژمارە (٨)، خولی دووەم، کۆتایی کانونی یەکەمی ١٩٩١

(١١٢) رێبازی نوێ، ژمارە (٦)، کۆتایی کانونی یەکەمی ١٩٩١؛ کامەران سعید عبدالله کوردە: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٠.

(١١٣) پەیامی نوێ، ژمارە (٣)، کانونی یەکەمی ١٩٩١.

## ئەنجامەکانی توێژینەوە

١-دەرکەوت کە ڕاپەڕین سەرەتای قۆناغێکی نوێی لە مێژووی گەلی کورد هێنایە کایەوە، ئەم قۆناغەش قۆناغی دوای ڕاپەڕینە. قۆناغی داهێنانی شێوەی نوێی خەبات و خوڵقاندنی بەهرەی بێ بنی تێکۆشانی زەحمەتکێشانە، قۆناغی درێژە کێشانی ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ وەك ڕاپەڕینی بەردەوام تا لوتکەی سەرکەوتن.

٢-مانگرتن ئەزمونێکی نوێ بوو لەخەباتی سی ساڵەی نەتەوەی کورددا، چونکە مانگرتن لە خواردن شێوەییێکی خەباتی ئاشتیخوازانەی جیهانیەو بەتایبەتی ئەگەر لەبەردەم بارەگاکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بێت، ئەوە بە شارستانی ترین جۆری تێکۆشان و لەئاست و پلەیەکی بەرزی مرۆڤایەتی دادەنرێت.

٣-سەرجەم پارتە سیاسی و ڕێکخراوە پیشەییەکانی باشوری کوردستان بەشداریان لەو خۆپیشاندانانەدا کرد و پشتگیری مانگرتنەکانیان کرد، جگە لە پارتی دیموکراتی کوردستان و بزوتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عیراق.

٤-مانگرتن و خۆپیشاندانەکان ڕەنگدانەوەیەکی بەرچاویان لە میدیا جیهانیەکاندا هەبوو.

٥-مانگرتن و خۆپیشاندانەکان لەڕووی مەعنەوی و چەسپاندنی شێوەی خەباتەوە سەرکەوتنێکی سیاسی کاریگەری هێنایەکایە، پشت بەستن بە خەڵك بەوشێوە خەباتە ببێتە قەناعەتێکی گەورەو دڵخۆشکەر، هەموو لایەك و خەڵکیش تێگەیشتن وەك تەواوی گەلانی دونیا کە: خەباتی چەکداری لەپاشەکشەدایە و خەڵك ئومێدی بەشەڕ نەمابوو. دوای تێکشکاندنی ڕاپەڕین، ڕێڕەوی ڕاپەڕین بەشێوەی جۆراوجۆر درێژەی هەیە. جەماوەر کەناڕەزای گەیشتە تینی مەرج نیە چاوەڕێی بڕیاری هێزە باڵا دەستەکان بکات. مافە دیموکراسیەکانی میللەتی ژێر دەستە کێشەیەکی سیاسی گرنگە و دەبێ بڕیاری چارەسەرکردنی ببرێتە سەر.

٦- ئەم مانگرتنە بووە سەرەتایەکی باش و کرانەوەی دەروازەیەکی نوێ لەلای کوردی باشوور بۆ داواکردنی مافە نەتەوەی و خزمەتگوزاریەکانیان.

٧- داواکانی مانگرتووان جێ بەجێ کرابن یان نا، ئەزمونەکەیان لە کوردستان ئەزمونێکی تازەبوو، ئەگەر ڕۆشنبیرانی کوردستان بایەخی پێ بدەن، بەرهەمی باش بەدەستەوە ئەدا، نەك هەر ئەوەندە بەڵکو ئەبێ هێزە سیاسیەکانی کوردستانو جەماوەر، بایەخی تەواو بە شێوەکانی خەباتی هێمنانە بدەن و لەپێناوی بەدی هێنانی مافە نەتەوایەتی و داوا جەماوەرییەکاندا پەرەیان پێ بدەن و کارامانە بەکاریان بهێنن.

٨-هەرچەندە ئەگەر داخوازی و داواکارییەکانیش زۆر بوون، بەڵام هەمووی خۆی لەوەدا دەبینیەوە کە کورد دەیەوێت بە ئازادی لە خاکی خۆیدا بژی.

## لیستی سەرچاوەکان


### کتێب بە زمانی کوردی:

١. ئاراس عبدالرحمن مستەفا: ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١ لە باشوری کوردستان، لێکۆلینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە، سلێمانی، ٢٠٠٩.

٢. ئۆفرا بینگیۆ: کوردی عیراق، بنیاتنانی دەوڵەتێك لەناو دەوڵەتدا، وەرگێڕانی سۆران مستەفا کوردی، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠١٣.

٣. ڕێباز: قەندیل بەغدای هەژاند،بەشی سێیەم، سلێمانی، ٢٠١١.

٤. ڕێباز: نرکەی کوردستان، بەرلە ڕاپەڕین، لەگەڵ ڕاپەڕین، دوای ڕاپەڕین، هەولێر، ١٩٩١.

٥. عەبدولڕەزاق مەرزەنگ: ڕاپەڕین بەهاری ئازادی، سلێمانی، ٢٠٠٤.

٦. عەبدوللا عەلیاوەیی: ڕاپەڕینی هەولێر لە بەهاری ١٩٩١ زایینی وەك خۆی، تۆمارێکی ڕۆژانەی مێژوویییە، هەولێر، ٢٠١٤.

٧. فەرید ئەسەسەرد: ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتمانی کوردستان، چ٢، سلێمانی، ٢٠١٣.

٨. کامەران سعید عبداللە کوردە: مانگرتن وانەیەکی تری خەباتی دیموکراسی، بێ شوێن و ساڵی چاپ.

٩. کریس کۆچیرا: بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد و هیوای سەربەخۆیی، وەرگێڕانی ئەکرەمی میهرداد، سلێمانی، ٢٠٠٤.

١٠. مەلا بەختیار: حوکمی (بەرەی کوردستانی) یان دەسەڵاتی دیموکراسی؟ لە بڵاوکراوەکانی ئاڵای شۆڕش، ١٩٩١.

### کتێب بە زمانی عەرەبی:

١١. د.عبدالوهاب الكيالي: موسوعة السياسية، الجزء الاول، ط٤، بيروت، ١٩٩٩.

### ڕۆژنامە بە زمانی کوردی:

١. ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی، ئۆرگانی ناوەندی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان-عیراق، ژمارە (٧)، خولی دووەم، ناوەڕاستی کانونی یەکەمی ١٩٩١.

٢. ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی، ئۆرگانی ناوەندی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان-عیراق، ژمارە (٨)، خولی دووەم، کۆتایی کانونی یەکەمی ١٩٩١.

٣. ڕۆژنامەی ئاڵای شۆڕش، ئۆرگانی ئاڵای شۆڕش، ژمارە (١١-١٢)، کانونی یەکەمی ١٩٩١، کانونی دووەمی ١٩٩٢.

٤. ڕۆژنامەی بەرەی کوردستانی، ئۆرگانی ناوەندی بەرەی کوردستانی، ژمارە (٤)، خولی دووەم-ساڵی چوارەم-ك١/١٩٩١.

٥. ڕۆژنامەی بەرەی کوردستانی، ئۆرگانی ناوەندی بەرەی کوردستانی، ژمارە (٥)، خولی دووەم-ساڵی چوارەم-ك١/١٩٩١.

٦. رۆژنامەی بەرەی کوردستانی، ئۆرگانی ناوەندی بەرەی کوردستانی، ژمارە (٦)، خولی دووەم- ساڵی چوارەم-ك٢/١٩٩٢.

٧. رۆژنامەی پەیامی نوێ، رۆژنامەیەکی سیاسی گشتی یە مەڵبەندی رێکخستنی سلێمانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەری دەرکات، ژمارە (٣)، کانونی یەکەمی ١٩٩١.

٨. رۆژنامەی خەباتی نوێ، رۆژنامەی یەکێتی پێشەنگی خوێندکارانی کوردستان، ژمارەی تایبەت، کانونی یەکەمی ١٩٩١.

٩. رۆژنامەی رێبازی نوێ، ئۆرگانی ناوەندی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ژمارە (٤)، ١٩٩١/١١/١٧.

١٠. رۆژنامەی رێبازی نوێ، ئۆرگانی ناوەندی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ژمارە (٦)، کۆتایی کانونی یەکەمی ١٩٩١.

١١. رۆژنامەی رێبازی نوێ، ئۆرگانی ناوەندی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ژمارە (٢)، ١٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٩١.

١٢. رۆژنامەی سەربەخۆیی، ئۆرگانی ناوەندی پارتی سەربەخۆیی دیموکراتی کوردستان (پاسۆك)، ژمارە (١٠)، کانونی یەکەمی ١٩٩١.

١٣. رۆژنامەی مانگرتن، پاشکۆی رۆژنامەی راپەڕین، تایبەت بە مانگرتنەکانی شاری هەولێر، ژمارە (١)، ١٩٩١/١٢/٨.

١٤. رۆژنامەی مانگرتن، پاشکۆی رۆژنامەی راپەڕین، تایبەت بە مانگرتنەکانی شاری هەولێر، ژمارە (٢)، ١٩٩١/١٢/٩.

١٥. رۆژنامەی مانگرتن، پاشکۆی رۆژنامەی راپەڕین، تایبەت بە مانگرتنەکانی شاری هەولێر، ژمارە (٣)، ١٩٩١/١٢/١٠.

١٦. رۆژنامەی مانگرتن، پاشکۆی رۆژنامەی راپەڕین، تایبەت بە مانگرتنەکانی شاری هەولێر، ژمارە (٤)، ١٩٩١/١٢/١١.

١٧. رۆژنامەی مانگرتن، پاشکۆی رۆژنامەی راپەڕین، تایبەت بە مانگرتنەکانی شاری هەولێر، ژمارە (٥)، ١٩٩١/١٢/١٢.

١٨. رۆژنامەی مانگرتن، پاشکۆی رۆژنامەی راپەڕین، تایبەت بە مانگرتنەکانی شاری هەولێر، ژمارە (٦)، ١٩٩١/١٢/١٣.

١٩. رۆژنامەی مانگرتن، رۆژنامەیەکی تایبەتە بە مانگرتن لە رانیە، ژمارە (١)، ١٩٩١/١٢/١٠.

٢٠. رۆژنامەی مانگرتن، رۆژنامەیەکی تایبەتە بە مانگرتن لە رانیە، ژمارە (٣)، ١٩٩١/١٢/١٢.

٢١. رۆژنامەی مانگرتن، رۆژنامەیەکی تایبەتە بە مانگرتن لە رانیە، ژمارە (٤)، ١٩٩١/١٢/١٣.

٢٢. رۆژنامەی مانگرتن، رۆژنامەیەکی تایبەتە بە مانگرتن لە رانیە، ژمارەی (سەرکەوتن)، ١٩٩١/١٢/١٤.

**رۆژنامە بە زمانی عەرەبی:**

٢٣. جريدة طريق الشعب، الجريدة المركزية للحزب الشيوعي العراقي، العدد (١٠)، السنة ٥٧، اواسط كانون الاول ١٩٩١.

**گۆڤار بە زمانی کوردی:**

٢٤. هێرش رەسول: رۆژنامەی رۆژانەی مانگرتن ١٠ بۆ ١٤/١٢/١٩٩١–رانیە، گۆڤاری رانیە، ژمارە (٥)ی ئابی ٢٠٠٣.

٢٥. گۆڤاری دیموکراسی، گۆڤارێکی سیاسی رۆشنبیری کۆمەڵایەتیە، ژمارە (٣)ی تایبەت بە مانگرتن، کانونی یەکەمی ١٩٩١.

**بەیاننامە و یاداشت:**

٢٦. بەیاننامەی لقی سلێمانیی کۆمەڵەی ماڤ مرۆڤ لە کوردستان لە ٨/١٢/١٩٩١.

٢٧. نامەی مانگرتووانی سلێمانی بۆ ئەندامانی کۆنگرەی دامەزراندنی رێکخراوی کورد بۆ مافی مرۆڤ.

٢٨. بەیاننامەی مام جەلال کە ئاراستەی مانگرتن و خۆپیشاندانەکانی شار و شارۆچکەکانی کوردستانی کرد لە ١٣/١٢/١٩٩١.

٢٩. یاداشتی نوێنەرانی مانگرتووانی کوردستان بۆ سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی لە ٣٠/١٢/١٩٩١.

**ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی:**

٣٠. عبد الرحيم العلام: تاريخ الإضراب عن الطعام،
http://www.maghress.com/alittihad/٢٠٢٥٢١

## ملخص البحث

## اعتصامات عام ١٩٩١ كأول نمط للنظال المدنى لمحصلة الانتفاضة

نتيجة انتفاضة اذار، في نهاية سنة ١٩٩١ في جنوب كردستان من اجل طرد جميع مؤسسات نظام البعث الفاشي، حيث قامت دولة العراق بسحب كل مؤسساتها ودوائرها من محافظات الاقليم ( أربيل، السليمانية، دهوك) و من المساحة الادارية في اقليم كردستان، وحيث عمل النظام على تبني نظام الحصار الاقتصادي كعقاب جماعي على الاقليم، ففي كثير من الاحيان هناك احداث عنف والعديد من الهجمات حصلت داخل الاقليم، لذلك كان في خوف كبير حول اعادة الهجوم على اقليم كوردستان من قبل نظام البعث الفاشي، وهذا كان بمثابة نتيجة لسياسة كارثية ل (٢٣) السابقة من قبل حزب البعث ألعراقي هناك العديد من المواطنين الاكراد الذين فقدوا ولم يعرف مكانهم حتى الان. وهذا ادى الى ضرر كبير للاحزاب السياسية بصورة خاصة، ومواطنين كردستان بصورة عامة لمواجهة و متابعة هذه المرحلة الجديدة، وأدى هذا الى نشوء اعتصام سنة ١٩٩١، والذي انطلق من محافظة السليمانية، وبعد ذلك من ٧–١٢ انتقل الى أربيل، دهوك، رانية، سوران، كةلار، وقد انتهت هذه الاعتصامات الجماهيرة بالانتفاضة، حيث تخلل ذلك اعتصام المئات من الشباب الاكراد لمدة ٨–١٠ أيام حيث أمام مقرات الولايات المتحدة و المؤسسات الرسمية، وقد في هذا الاعتصام امتنع المعتصمون عن تناول الطعام والشراب، وفي هذا الاعتصام تم صياغة المتطلبات الاساسية للأكراد في بيان رسمي، وقد أفرزت هذه الاعتصامات تشكيل حركة شعبية جماهيرية في كافة كردستان، بدون الاهتمام الى المرجعية الحزبية أو الأراء السياسية. وأشتملت هذه الاعتصامات جميع الفئات المختلفة من المواطنين باختلاف وظائفهم ومراكزهم، وظهرت كأول حركة مدنية نحو الديموقراطية بعد الانتفاضة لجنوب كردستان، وهذا كان نوع من رفع روح المعنوية للاكراد، وقد توحد الاكراد من اجل ايصال صوتهم الي جميع الدول العالم، في هذه المرحلة الحساسة. في هذا البحث تطرقنا الى ظروف جنوب كردستان في تلك الايام، والاسباب التي أدت الي هذه الاعتصامات، والمتطلبات الاساسية لذلك، و النتائج التي توصلنا اليها من العديد من المصادر، سواء كان من بيان المعتصمين و بيان الاحزاب السياسية في جنوب كردستان، و جميع المنشورات المتعلقة بألاعتصام، و المجلات التي تناولت هذه الاحداث و الكتب والبحوث التي كتبت حول هذا الحدث.

## Abstract

## Oppositions in ١٩٩١ as a first for the civil society movement

As a result of the uprising at the end of the year ١٩٩١ in southern Kurdistan، in order to expel all the Baath fascist regime institutions, where the State of Iraq to withdraw all of its institutions and departments of the provinces of the region (Irbil, Sulaymaniyah, Dahuk) and of the administrative area in the Kurdistan region, and where the work of the regime to adopt a system economic blockade collective punishment for the region, in many cases, there are incidents of violence and many of the attacks got inside the province, so it was in great fear on the return of the attack on the Kurdistan Region by the Baath fascist regime, and this was as a result of the policy disastrous for (٢٣) above from before the Iraqi Baath Party there are many Kurdish citizens who have lost and no one knows where they are, and not known yet. This led to huge damage to political parties in particular, and citizens of Kurdistan in general to face and follow-up of this new phase, this has led to the emergence of a sit-in in ١٩٩١, which set out from the province of Sulaymaniyah, and then from ٧-١٢ moved to Erbil, Dohuk, Rania, Soran ,and Khlar, this sit-ins ended Public uprising, where permeated sit hundreds of young Kurds for ٨-١٠ days, where in front of the consulate of the United States and official institutions, has been in this sit declined sitters to eat and drink, and in this sit-in was the drafting of the basic requirements the Kurds in an official statement, these sit-ins have produced the formation of a mass popular movement in all of Kurdistan, without reference to partisan interest or political views. These sit-ins and included all the different categories of citizens according to their jobs and their positions, and emerged as the first civil movement toward democracy after the uprising of South Kurdistan, and this was kind of raise the morale of the Kurds, have unite the Kurds in order to deliver their voice to all States of the world, at this sensitive stage. In this research, we focused on South Kurdistan conditions in those days, and the reasons that led to this sit-ins, and the basic requirements for it, and our findings from many sources, whether from the statement of the protesters and a statement of political parties in South Kurdistan, and all related publications sit, and magazines that dealt with these events and books and research that have been written about the event.

## پاشکۆی ژمارە (١)

### دەقی یاداشتەکەی مانگرتووانی سلێمانی:

بۆ بەڕێزان نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان، هەموو ڕێکخراوە مرۆڤ دۆستەکان

بەڕێز بطرس غالی

سلاوێکی گەرم

تا ئێستا دەوڵەتی عیراقی هیچ هەولێکی جدی هێمن کردنەوەی باروذۆخی نائاسایی عیراق نەداوەو بەردەوامە لەسەر کوشتن و برین و داپلۆسین و راونان و ئێستاش بەناوی هێرش کردنەوە بۆ سەر ناوچە کورد نشینەکان دەیان هەزار سەربازی کۆکردۆتەوە بە پشتیوانی تانك و تۆپ شان بەشانی ئەوەش ئابلۆقەیەکی فراوانی ئابوری خستۆتە سەر کوردستان و وازی لە بەڕێوەبردن و ئیدارەی ناوچەی کوردستان هێناوە، دائیرە دەوڵەتیەکانی بە رەسمی کێشاوەتەوە، بەمەش برسێتی و نەبوونیەکی زۆر لە کوردستاندا کەوتۆتەوە و کەرەسە پێویستیەکانی ژیان کەم بووەتەوەو سوتەمەنی دەست ناکەوێ لەم کەژ و وەرزە سارد و توشەدا هەزاران خێزانی بێ دەرەتان، بێ جێگا، بێ ئاکار و بێ خواردەمەنین. تا ئێستاش ئاوارەکانی کەرکوك و خانەقین لەبەر باران و گەڕانەوەیان بۆ ناو خانو و ماڵی خۆیان لێ قەدەغە کراوە، هیچ هەولێکی جدی لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە نەدراوە بۆ سەپاندنی یاساکانی ژمارە (٦٨٨) بەتایبەت بە هێمن کردنەوەی وەزعی ناوخۆی عیراق ژمارە (٦٠٦)ی تایبەت بە فرۆشتنی نەوت و گەڕانەوەی داهاتەکەی بۆ خەڵکی عیراق، داوادەکەین لەم کاتەدا بە فریامان بکەون، بۆیە بڕیارماندا کە مان بگرین لە خواردن لەبەردەم بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە شاری سلێمانی کە داواکاریەکانیشمان ئەمانەن:

١-هەوڵ بۆ چەسپاندنی یاساکانی ژمارە (٧١٢) بدرێ و لەکاتی رازی نەبوونی عیراق نەتەوە یەکگرتووەکان بەزۆر دابینی بکات.

٢-ناوچەی ئاسایشی واتە (المنطقة الامنية) لە هێلی پانی (٣٦)ەوە بگوازرێتەوە بۆ هێلی پانی (٣٥) تا ژیانی زۆرترین کەس لە هەرەشەی هەلگیرسانەوەی جەنگ و شەڕ فرۆشتنی دەوڵەتی عیراق رزگار بکرێت.

٣-لەم کاتەدا کە ناوچەی کوردستان، ئیدارەی مەرکەزی عیراقدا دابڕاوە داوا ئەکەین کە وەڵامی یاداشتی ڕێکخراوی کوردی مافی مرۆڤ لە کوردستان بۆ بەڕێز (د.بطرس غالی) بدرێتەوە کە سەبارەت بە پیادەکردنی ئەحکامی برگەی (ج) لە مادەی (٧٧)ی میساقی نەتەوە یەکگرتووەکاندا کە داوای بەخێوکردنی ناوچەی کوردستانی عیراق دەکات لەلایەن دەوڵەتانەوە، لەکاتێکدا کە ئیدارەی مەرکەزی ئەو کارەی بۆ نەکرا.

٤-ئابلۆقەی ئابوری لەسەر ناوچەی کوردستان لابرێت و دابینی پێیستیەکانی خەڵك لە خواردن و ئازوقەو هەموو کەرەسەکانی تری ژیان بکرێت.

٥-ئاوارەکانی کەرکوك و خانەقین بگەڕێنەوە بۆ شوێنی خۆیان بە چاودێری (UN).

٦-ژیانی دیلە سیاسیەکانمان مسۆگەر بکرێت.

٧-وەڵامی یاداشتەکەمان خاڵ بەخاڵ لەلایەن (UN) بەهۆی دەزگای راگەیاندنی جیهانییەوە بدرێتەوە، تا ئەو کاتە ئێمە لەسەر مانگرتن بەردەوام ئەبین.[١١٤]

---

[١١٤] رێبازی نوێ، ژمارە (٦)، کۆتایی کانونی یەکەمی ١٩٩١؛ کامەران سعید عبداللە کوردە: هەمان سەرچاوە ، ل٧؛ بەرەی کوردستانی، ژمارە (٥)، خولی دووەم-ساڵی چوارەم-ك١٩٩١/١.

## پاشکۆی ژمارە (٢)

## یاداشتی داواکاری مانگرتووەکانی هەولێر بۆ نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان:

١-پاڵپشتی مانگرتووەکانی سلێمانی دەکەین و سورین لەسەر جێبەجێکردنی داواکاریەکانیان.

٢-هێلی (٣٦) بکرێت بە هێلی (٣٤) تاکو بەشی هەرەزۆری کوردستان بگرێتەوەو بخرێتە ژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکان.

٣-جێبەجێکردنی بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەتایبەت بڕیارەکانی (٦٨٨)، (٧٠٦) و (٧١٢).

٤-گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ شوێنی باوباپیرانیان، بەتایبەتی کەرکوك و خانەقین و ناوچەکانی تری کوردستان.

٥-لابردنی گەمارۆی ئابوری لەسەر کوردستان.

٦-وەستانی هێرشە ناڕەواکانی میری بۆسەر کوردستان.

٧-ئازادکردنی بەندکراوە سیاسیەکان و دیاریکردنی چارەنوسی ئەنفالکراوەکان و بارزانییەکان.

٨-زیادکردنی یارمەتی بۆ ئاوارەکانی کوردستان، بەتایبەتی پێداویستی ژیان و حەوانەوە لەم زستانە سەخت و ساردەدا.

٩-ماوە بە جوتیارە کوردەکان بدرێت کە زەوییەکانیان بەکار بهێنن.

١٠-پێدانی پێداویستیەکانی قوتابخانە بۆ قوتابیانی کوردستان زۆر بکرێ و ئەو مەنهەجانە دەستکاری بکرێن کە لەگەڵ قوتابیانی کورد و لەگەڵ کوردستان ناگونجێن.[١١٥]

---

[١١٥] مانگرتن، پاشکۆی ڕاپەڕین، ژمارە (١)، تشرینی دووەمی ١٩٩١.

## پاشکۆی ژمارە (٣)
## نامەی مانگرتووانی سلێمانی بۆ کۆنگرە:

بۆ ئەندامانی کۆنگرەی دامەزراندنی رێکخراوی کورد بۆ مافی مرۆڤ

هەولێر/ هۆڵی میدیا

سلاوێکی مرۆڤانە

ئێمە مانگرتووەکانی سلێمانین، ئێمە مانمان لە نان نەگرتووە، ئێمە کۆمەڵێکین نوێنەری برسی و بێکار و رەش و رووت و تینوی ئازادییەکانی ناو ئۆردوگاکانین، هاتووین لێرە دانیشتووین بە مانای نمونەیەکی خەڵکی ئۆردوگاکانمان هێناوە، بەرامبەر نەتەوە یەکگرتووەکان دامانناوە تاکو بەراستی ئەوان بەچاو ببینن کە میللەتەکەی ئێمە لە چ حالێکدایە، لەکاتێکدا لەکانگای دڵمانەوە پیرۆزباییتان لێدەکەین بەبۆنەی بەستنی یەکەم کۆنگرە بۆ مافی مرۆڤ لە کوردستانداو داوای سەرکەوتنی کارەکەتان دەکەین، هیوادارین ئێمەشتان لەبیر بێ، داخوازییەکانمان بگەیەننە هەموو رێکخراوە مرۆڤ دۆستەکان، داوا بکەن ئەو داواکارییە رەوایەمان جێ بەجێ بکرێ. هەر بژین.

مانگرتووەکانی بەردەم بارەگای un

لە سلێمانی

١٩٩١/١٢/١٠

## پاشکۆی ژمارە ( ٤ )

## ناوی مانگرتووانی شاری سلێمانی:

| ژ | ناوی مانگرتوو | شوێن |
|---|---|---|
| ١ | بەهجەت حەمە ئەمین | |
| ٢ | کامەران سەعید کوردە | |
| ٣ | نەورۆز عەباس سەعید | |
| ٤ | محمد نەبەز سەعید | |
| ٥ | ڕزگار محمد نەجیب | |
| ٦ | حمەکریم صابر وەهاب | |
| ٧ | تەیب عەزیز حەمە عەلی | |
| ٨ | عوسمان ڕەفیق وەهاب | |
| ٩ | غەفور ڕەفیق وەهاب | |
| ١٠ | عەلی حسێن محمود | |
| ١١ | عەبدوڵلا عەزیز حەمە عەلی | |
| ١٢ | دڵشاد حەمە ئەمین جەلال | |
| ١٣ | ڕەزا صالح سلێمان | |
| ١٤ | زاهیر غەریب مەعروف | |
| ١٥ | جەوهەر عبدالقادر مەولود | |
| ١٦ | خالید سلێمان عیسا | |
| ١٧ | قارەمان ئیبراهیم | |
| ١٨ | محمد عبدالقادر مستەفا | |
| ١٩ | عومەر ڕەفیق وەهاب | |
| ٢٠ | جەلیل محمد سەلیم | |
| ٢١ | سەریاس هەواس، | |
| ٢٢ | بێستوون محمد صالّح | |
| ٢٣ | هەڤال عەلی فەرەج | |
| ٢٤ | بەختیار محمد کوێستانی | |
| ٢٥ | فارس ئەحمەد | |

## پاشكۆی ژماره (٥)

## ناوی مانگرتووانی شاری هەولێر:

| ژ | ناوی مانگرتوو | شوێن |
|---|---|---|
| ١ | محمود حسين قاسم | كەركوك |
| ٢ | عزالدين حسين على | كەركوك |
| ٣ | زاهير صالح الدين | كەركوك |
| ٤ | مظفر اسماعيل ابراهيم | هەولێر |
| ٥ | خليل حسن حمد | هەولێر |
| ٦ | شاهۆ قادر مصطفى | كەركوك |
| ٧ | فهمى نصرالدين معروف | كەركوك |
| ٨ | نجم الدين عزيز جاسم | كەركوك |
| ٩ | ئامانج محمد صالح | كەركوك |
| ١٠ | نوزاد حسين على | كەركوك |
| ١١ | سيف الدين محمد عزيز | هەولێر |
| ١٢ | ابراهيم عبدالله مام | هەولێر |
| ١٣ | ياسين محمد وسو خۆشناو | هەولێر |
| ١٤ | مجيد عبدالرحمن عمر | هەولێر |
| ١٥ | كمال على خليفه | كەركوك |
| ١٦ | سالار مجيد سعيد | هەولێر |
| ١٧ | تحسين خضر احمد | هەولێر |
| ١٨ | عبدالصمد محمدامين | كەركوك |
| ١٩ | عابد سعيد محمد | كەركوك |
| ٢٠ | ازاد يوسف ويس | هەولێر |
| ٢١ | محمد عبدالرحمن | هەولێر |
| ٢٢ | محمد حمد احمد | هەولێر |
| ٢٣ | كۆسرەت رشيد على | كەركوك |
| ٢٤ | فواد كريم محمد | كەركوك |
| ٢٥ | لطيف محمد شريف | كەركوك |
| ٢٦ | جمال عزيز ابراهيم | كەركوك |
| ٢٧ | پشتيوان محمد حسين | هەولێر |
| ٢٨ | كامران عبدالكريم شيخ على | هەولێر |
| ٢٩ | شعبان محمد صالح | هەولێر |

| | | |
|---|---|---|
| ٣٠ | ارسلان یاسین کرین | هەولێر |
| ٣١ | سوارە سلام کریم | کەرکوك |
| ٣٢ | نافع صابر عزیز | هەولێر |
| ٣٣ | عماد عبدالکریم | کەرکوك |
| ٣٤ | طارق نجم الدین عبدالله | کەرکوك |
| ٣٥ | عثمان علی حمد | هەولێر |
| ٣٦ | محمد مصطفی عزیز | هەولێر |
| ٣٧ | عثمان احمد اسماعیل | هەولێر |
| ٣٨ | عبدالجبار عمر محمد | هەولێر |
| ٣٩ | حمزە محمد احمد | کەرکوك |
| ٤٠ | شێرزاد محمد پیرداود | هەولێر |
| ٤١ | یوسف عزیز نادر | هەولێر |
| ٤٢ | طارق اسماعیل مصطفی | هەولێر |
| ٤٣ | ادریس رشید بکر | هەولێر |
| ٤٤ | لقمان احمد علی | کەرکوك |
| ٤٥ | کاوە حویز امین | کەرکوك |
| ٤٦ | جاسم محمد حسین | کەرکوك |
| ٤٧ | حکیم خالد کریم | هەولێر |
| ٤٨ | یونس خضر احمد | هەولێر |
| ٤٩ | عوسمان احمد رحیم | هەولێر |
| ٥٠ | ژیلەمۆ عبدالقادر معروف | هەولێر |
| ٥١ | صباح پیرۆت حسن | کەرکوك |
| ٥٢ | عثمان مصطفی عبدول | کەرکوك |
| ٥٣ | لقمان محمد نادر | کەرکوك |
| ٥٤ | قارەمان محمد فرج | کەرکوك |
| ٥٥ | سعدی عبدالرحمن محمد | کەرکوك |
| ٥٦ | عزیز سابیر خدر | هەولێر |
| ٥٧ | غەوسە جلال حمد | هەولێر |
| ٥٨ | قوتەیبە نصرالدین عبدالرحمن | هەولێر |
| ٥٩ | فارس رفیق حسین | کەرکوك |
| ٦٠ | عرفان جلال خورشید | کەرکوك |
| ٦١ | یعقوب حمد محمد | کەرکوك |

| | | |
|---|---|---|
| ٦٢ | لقمان ستار خورشید | کەرکوك |
| ٦٣ | عبدالله رفیق حسین | کەرکوك |
| ٦٤ | محمد عبدالقادر محمد | کفری |
| ٦٥ | مغدید عبدالحمید محمد | هەولێر |
| ٦٦ | بدر عولا حسن | هەولێر |
| ٦٧ | ادریس حسن احمد | هەولێر |
| ٦٨ | فەرید ابراهیم عباس | کەرکوك |
| ٦٩ | ستار جلال ساڵح | کەرکوك |
| ٧٠ | جعفر حمد کریم | هەولێر |
| ٧١ | یوسف یاسین محمد | کەرکوك |
| ٧٢ | فرهاد سعدی حمد | هەولێر |
| ٧٣ | سەردار عبدالله خزر | هەولێر |
| ٧٤ | خالد ناسح کریم | کەرکوك |
| ٧٥ | نادر عمر حسن | سلێمانی |
| ٧٦ | علی احمد عزیز | سلێمانی/هەلەبجە |
| ٧٧ | سامان عوسمان حسین | هەولێر |
| ٧٨ | سادق بهرام سادق | هەولێر |
| ٧٩ | سباح لتیف عزیز | هەولێر |
| ٨٠ | نەبەز عزالدین حمدامین | هەولێر |
| ٨١ | کۆسرەت رشید | کەرکوك |
| ٨٢ | نوزاد کریم سادق | کەرکوك |
| ٨٣ | عەلی عوسمان حسین | کەرکوك |
| ٨٤ | کاوە محمود عزیز | کەرکوك |
| ٨٥ | نصرالدین نجم محمد | هەولێر |
| ٨٦ | سیف عزیز فتاح | کەرکوك |
| ٨٧ | رسول علی سعید | کەرکوك |
| ٨٨ | غریب عوسمان امین | هەولێر |
| ٨٩ | مجید محمد حارس | هەولێر |
| ٩٠ | جبار یابە یاسین | کەرکوك |
| ٩١ | عباس محمد مولود | هەولێر |
| ٩٢ | غانم غفور پیرداود | هەولێر |
| ٩٣ | کریم عبدالمجید پیرداود | هەولێر |

| | | |
|---|---|---|
| ٩٤ | ابراهيم اسماعيل ابراهيم | سلێمانی |
| ٩٥ | هەنگاو حمد عبدالله | هەولێر |
| ٩٦ | عمر رسول حسن | هەولێر |
| ٩٧ | حمد عبدالله | هەولێر |
| ٩٨ | عبدالرحمن رشيد رسول | هەولێر |
| ٩٩ | میراودل احمد کانبی | هەولێر |
| ١٠٠ | اومید محمد ساڵح | قەلادزێ |
| ١٠١ | عوسمان احمد امین | هەولێر |
| ١٠٢ | دلێر مصطفى احمد | هەولێر |
| ١٠٣ | ساڵم عبدالله محمد | کەرکوك |
| ١٠٤ | احمد معروف احمد | کۆیە |
| ١٠٥ | حسن حسين عبدالله | کۆیە |
| ١٠٦ | ئاوات عبدالستار | کۆیە |
| ١٠٧ | رێزان ابراهيم محمد امین | کۆیە |
| ١٠٨ | ئارام طاهر ابراهيم | کۆیە |
| ١٠٩ | هیوا عبدالستار | کۆیە |
| ١١٠ | هێڤی حسن | هەولێر |
| ١١١ | قومریە وەهاب شیخانی | کەرکوك |
| ١١٢ | کاسترۆ مجيد محمد | کەرکوك |
| ١١٣ | بڕیار عوسمان خدر | هەولێر |
| ١١٤ | حسن حمد بگ | کۆیە |
| ١١٥ | عزت جمال | کۆیە |
| ١١٦ | صالح عبدالله محمد | کەرکوك |
| ١١٧ | ئازاد یوسف | هەولێر |
| ١١٨ | زاهیر صالح محی الدين | کەرکوك |
| ١١٩ | شێروان حسن قولی | کۆیە |
| ١٢٠ | جوان حسێن قادر | هەولێر |
| ١٢١ | رێکەوت علی همزە | هەولێر |
| ١٢٢ | کمال طاهر عبدالله | کۆیە |
| ١٢٣ | قاسم صالح قادر | کۆیە |
| ١٢٤ | اسماعيل خدر قادر | کۆیە |
| ١٢٥ | محمد رضا | کۆیە |

| | | |
|---|---|---|
| ١٢٦ | شیرزاد اسماعیل جلیل | کۆیە |
| ١٢٧ | نامق حەوێز | کۆیە |
| ١٢٨ | کمال اسماعیل | کۆیە |
| ١٢٩ | ابراهیم صالح عبدالله | کۆیە |
| ١٣٠ | امجد باقی رشید | کۆیە |
| ١٣١ | فەرهاد عبدالله | کۆیە |
| ١٣٢ | سەفەر فتاح احمد | کۆیە |
| ١٣٣ | عدنان محمود علی | کۆیە |

## پاشکۆی ژمارە ( ٦ )

## ناوی مانگرتووانی رانیە :

| ژ | ناوی مانگرتوو | شوێن |
|---|---|---|
| ١ | عیماد احمد محمود | گردجان |
| ٢ | خدر جەلال خدر | گردجان |
| ٣ | اسماعیل زاهیر فەقێ | رانیە |
| ٤ | سەلام حمەامین | رانیە |
| ٥ | مستەفا خدر حسن | رانیە |
| ٦ | مستەفا ابوبکر احمد | رانیە |
| ٧ | هیرش عزالدین حمە | رانیە |
| ٨ | مەلا محمود احمد | ئۆردوگای رانیە |
| ٩ | لقمان عبدالله ابراهیم | رانیە |
| ١٠ | غنی احمد حمە سور | سلێمانی |
| ١١ | ئومید احمد محمود | چوار قورنە |
| ١٢ | ناسکە هۆمەر احمد | قەلادزێ |
| ١٣ | کنیر سید حمد قادر | رانیە |
| ١٤ | فرهاد عبدالوهاب | کۆیە |
| ١٥ | عبدالله اسماعیل حمد | رانیە |
| ١٦ | عمر رسول علی | رانیە |
| ١٧ | عبدالله محمد رسول | سەردەشت |
| ١٨ | محمد حمە مستەفا | تەق تەق |
| ١٩ | سەرکۆ سلێمان علی | تەق تەق |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٠ | حسن حمەسور علی | حاجیاوە |
| ٢١ | بەهێز وسو حمد بەگ | رانیە |
| ٢٢ | غیدان خورشید احمد | کەرکوك |
| ٢٣ | اسکندر مستەفا خدر | رانیە |
| ٢٤ | محمد عبدالله حسن | ژاراوە |
| ٢٥ | حمە مولود خدر | حاجیاوە |
| ٢٦ | مینە رسول مینە | رانیە |
| ٢٧ | رزگار حمە علی | رانیە |
| ٢٨ | سوران عزت توفیق | سلێمانی |
| ٢٩ | محمد حسن فقی خدر | رانیە |
| ٣٠ | حسین محمد رسول | رانیە |
| ٣١ | دلیر عبدالله رشید | رانیە |
| ٣٢ | تەها فقی خدر | رانیە |
| ٣٣ | عوسمان محمد خدر | سەرسیان |
| ٣٤ | کمال حاجی رسول | سەرسیان |
| ٣٥ | مغدید محمد علی | قەرەتەپە |
| ٣٦ | احمد حسن مارف | قەرەتەپە |
| ٣٧ | رسول محمود عبدالله | چنارنە |
| ٣٨ | علی حاجی رسول | حاجیاوا |
| ٣٩ | غازی محمود حمد | ئۆردوگای رانیە |
| ٤٠ | مینە حاجی جعفر | ئۆردوگای رانیە |
| ٤١ | هونەر مستەفا | رانیە |
| ٤٢ | هونەر جەلال خورشید | رانیە |
| ٤٣ | هیوا محمد امین | قەلادزێ |
| ٤٤ | احمد حسن احمد | چوارقورنە |
| ٤٥ | احمد عارف احمد | چوارقورنە |
| ٤٦ | محمد ابراهیم | چوارقورنە |
| ٤٧ | وەلی علی حمد | حاجیاوا |
| ٤٨ | الیاس محمد نەبی | رانیە |
| ٤٩ | زاهیر تاهیر خلیل | هەولیر |
| ٥٠ | ناسر حاجی رسول | قەرەتەپە |
| ٥١ | محمود رسول حمد | دۆڵەڕەقە |

| | | |
|---|---|---|
| ٥٢ | رزگار عبدالرحمن | سەنگەسەر |
| ٥٣ | عزیز حمەامین حسن | حاجیاوا |
| ٥٤ | جەلال قادر خدر | حاجیاوا |
| ٥٥ | عوسمان حمه امین | حاجیاوا |
| ٥٦ | قاسم خدر مەزن | رانیه |
| ٥٧ | محمد حمد امین | رانیه |
| ٥٨ | سەلام جوهر فەقی | رانیه |
| ٥٩ | محمود حسن محمود | رانیه |
| ٦٠ | حسن ابراهیم حاجی | چوار قورنه |
| ٦١ | معروف قادر رسول | چوار قورنه |
| ٦٢ | نەبی عبدالله رسول | رانیه |
| ٦٣ | قادر حمد رسول | رانیه |
| ٦٤ | جلال حسن حمد | رانیه |
| ٦٥ | ئایشه احمد قادر | قەلادزێ |

## پاشکۆی ژماره ( ٧ )

## ناوی مانگرتووانی قەزای سۆران:

| ژ | ناوی مانگرتوو | شوێن |
|---|---|---|
| ١ | صابر حمد عبدالله | توتمه |
| ٢ | ادریس گەرمیانی | کەرکوك |
| ٣ | محمد حبیب اسعد | کەرکوك |
| ٤ | قاسم احمد سلیمان | کەرکوك |
| ٥ | فیصل رسول حیدر | ماونان |
| ٦ | مجید محمد حارس | شەڕکان |
| ٧ | عمر احمد حسین | دیانا |
| ٨ | ادیب عزیز احمد | چۆمان |
| ٩ | زبیر محمد عثمان | ماوان |
| ١٠ | امید احمد علی | هەولێر |
| ١١ | محمد امین محمد شریف | گەلاڵە |
| ١٢ | اسکندر عبدالله احمد | گەلاڵە |
| ١٣ | حلیمه عمر قادر | گەلاڵە |

| | | |
|---|---|---|
| ١٤ | عبدارحمن عبدالعزيز صالح | کەرکوك |
| ١٥ | مكرم احمد عمر | کەرکوك |
| ١٦ | دەسكۆ خدر نجم الدين | باپشتیان |
| ١٧ | صديق رسول ابراهيم | گەزنە |
| ١٨ | صلاح حسن ياسين | کەرکوك |
| ١٩ | حمد احمد مصطفى | گەلاڵە |
| ٢٠ | مامند احمد مەلا | گەلاڵە |
| ٢١ | على حاجى قادر | بوران |
| ٢٢ | نجم الدين ابراهيم حمد | بوران |
| ٢٣ | عمر عولا محمود | ماوان |
| ٢٤ | صديق قادر عبدالله | کەرکوك |
| ٢٥ | صالح حيدر هەمەوەند | برادۆست |
| ٢٦ | عادل عثمان مولود | هەولێر |
| ٢٧ | محمد شێخە حسن | وەندی |
| ٢٨ | ئاكۆ عثمان احمد | کەرکوك |
| ٢٩ | خيرى فقى عبدالله | قەسرێ |
| ٣٠ | احمد احمد امين فقى عبدالله | وەندی |
| ٣١ | ابراهيم احمد على | دەربەند |
| ٣٢ | حسين حاجى حسين | گەلاڵە |
| ٣٣ | محمد عولا حمد | کەرکوك |

## پاشکۆی ژمارە ( ٨ )

## لیستی ناوی کوردانی پارچەکانی تری کوردستان کە بۆ پشتگیری مانگرتووان هاتبوون

| ژ | ناو | شوێنی هاتن |
|---|---|---|
| ١ | احسان جزيرى | خەڵکی جزيره |
| ٢ | عبدالله محمد سعيد | باتمان |
| ٣ | عەلی ئيبراهيم | وان |
| ٤ | عەلی أقن | باتمان |
| ٥ | فرمان شكرى | باتمان |
| ٦ | عزت ديجلێ | باتمان |
| ٧ | محمد فندى | جزيره |
| ٨ | كامل عارف | وان |

| | | |
|---|---|---|
| ٩ | عبدالرحيم محمد | جزيره |
| ١٠ | نايف محمد | جزيره |
| ١١ | خاتو هيام | قاميشلۆ |
| ١٢ | عەبدوللا محمد رسول | سەردەشت |
| ١٣ | سیروان میرزا فەرەج | سنه |

## پاشکۆی ژمارە (٩)
## دروشمەکانی مانگرتن و خۆپیشاندانەکان

| | |
|---|---|
| کفنی شەهیدمان سورە | شاخی حەمرین سنورە |
| چەندە بین روت و برسی | ناچینە بەردەم بەعسی |
| ئاشتی خوازانی جیهان | کوانی مافی کوردەکان |
| ئەی نەتەوە یەکگرتووەکان | بێن بگەنە فریامان |
| مانگرین و ماف ناشکێنین | تاکو مافمان بەدەست دێنین |
| مان مان مان دەگرین | تاکو وەڵام وەردەگرین |
| مانگران سەروەرن | پێشڕەوی جەماوەرن |
| مانگرتن دکتۆرایە | بەهەموو کەسێ نایە |
| ئەگەر ئێوە یوئێنن | دکتاتۆر دەڕوخێنن |
| کەرکوک رەمزی کوردستانە | گلێنەی چاوی کوردانە |
| مانگرانمان سەروەرن | رابەری جەماوەرن |
| چیتان ئەوێ ئەی میللەت | روخانی دیکتاتۆریەت |
| دروشمی ئەم سەردەمە | مافی چارەنوسینە |
| مافی چارەی خۆنوسین | بکەن بە خۆراك و ژین |
| بەردانی زیندانیە سیاسیەکان | داوامانە، داوامانە |
| هێڵی ٣٦ بۆ ٣٤ | خانەقین کەرکوک شەنگار |
| دیکتاتۆر نەما باوی | بمرێ عەلی کیمیاوی |
| پێنجی دوانزەی مانگرتن | خەباتی نوێ، سەرکەوتن |
| ئێمە لەگەڵ یوئێنین | دکتاتۆر دەڕوخێنین |
| هەتاکو سەدام مابێ | ئاشتی بەرقەرار نابێ |
| یەس یەس ئۆف پیەس | نۆ نۆ فۆر وۆر |
| باك باك | تو کەرکوك |
| جیهان هەموو ئاگادارە | سەدام حوسێن تاوانبارە |
| مردن لەپێناو ژیان دا، یان وەڵام | یان لەناو تابوت دا گیان |

| وەرگرتن | دەسپێرین |
|---|---|
| ئێمە لەگەڵ یوئێنین | دیکتاتۆر دەڕوخێنین |
| مانگرتنمان بەزمانە | خەباتی ئەمڕۆمانە |
| مانگرتنە و کۆششە | شێوازی نوێی شۆڕشە |
| پشتگیری مانگرانین | ئێمەش لەگەڵ ئەوانین |
| چیتان ئەوێ ئەی میللەت | روخانی دکتاتۆرییەت |
| ئێوە چین و چیتان ئەوێ | کوردین ئازادیمان ئەوێ |
| ئێمە بمرین لەبرسان | با سەربەرز بێ نیشتمان |
| بژی گەل، هێزی گەل | حوکمرانیەتی بۆ گەل |
| ئەگەر ئێوە یوئێنن | سەدامی دەخنکێنن |
| ئاواتی گەورەو بچوك | گەڕانەوە بۆ کەرکوك |
| ئەی سەدامی مەرگ و خوێن | بارزانیەکانمان لە کوێن؟ |

## پاشكۆی ژمارە (١٠)















WE MAKE IT KNOWN TO U.N.
WE'RE ON HUNGER STRIKE
TO DEMAND KURDISH RIGHT
نەتەوە یەکگرتووەکان :
مانمان گرتوە لە خواردن
بۆ مافی ڕەوای گەلی کورد


بەرەی کوردستانی
بەڵگەنامەی سەربەرزی
بەشدار بوون
لە مانگرتن لە خواردن دا
کانونی یەکەمی ١٩٩١
ناو :
تەمەن :
شوێن :
نوێنەری
بەرەی کوردستانی


Name :
« بە سەربەستی بووم بەکۆیلەیی نائێم »


ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە کوردستان
( مانگرتوو)( K. H. R. O. )
ئەندامی فخری ڕێکخراوە
ناو : مجیدعبدالرحمان عمر
ساڵی لە دایك بوون : ١٩٧٤
ژمارەی پێناس : ٥٤٧/م
مێژووی پێناس : ١٩٩٢/٥/٢٧
سکرتێری ڕێکخراو


KURDISTAN HUMAN RIGHTS
ORGANIZATION K.H.R.O
NAME: MAJED A. OMER
PROFESSION: UNIVERSITY STUDENT
AGE: /4/1974
BLOOD GROUP: B+
K.H.R.O


ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لەکوردستان
ناو
پیشە
تەمەن
گروپی خوێن
سەرۆکی ڕێکخراو
K.H.R.O